

نـــاوی بەرین بە (بانتۆمایم دژی بانتۆمایم). سەرسـوڕمانیەك لەوەدا نیە چەمکێــك قەبووڵ بکەین، لەســەر بنەمای دژایەتی کردنــی، چونکە دژبوون لێرەدا بە مانای ســڕینەوە نیە، هێندەی نووســینەوە و داڕشـتنەوەیەکی جیاواز و تازەیە، خاڵی کردنەوەی چەمکــە لە مانا فەرهەنگیەکەی و نووســینەوەی ئەو مانایە لە ڕووبەرێکی نادیاری سیمیۆلۆژیدا. چەمك دەروازەیەکە بۆ کرانەوە بەســەر دنیا، بەڵام لە دەرەوەی گریمانەی پێشوو، ئەوەش وا دەکات بە هەمان دەرەنجام لێی نەیەینە دەرەوە، بەڵکو لە کۆتایی باسەکەدا خاوەنی دەرەنجامی نوێ بین، نوێ بوون بە مەبەســتی بەخشینی شوناســێکی جیاواز، جیاواز لە ڕووی ســتایل و نەسوڕانەوە لەناو چەقی ئەو بازنەیەی کە لەیەك بچین، لێکچوون مانای هەموومان یەك وەزیفەمان پێ دەبەخشرێت و داکۆکی لە دەسەڵاتی موتڵەقگەرا و تاکــە حەقیقــەت دەکەین، لە کاتێکدا ئێمــە قوربانی دۆخێکی هەرەمەکیــن، زەمینەیەکی تیۆری ڕابردووی ئێمەی بنیات نەناوە، ئارەزووی کارکردن فاکتەری سەرەکی دەرکەوتنمان بووە لەو بوارەدا، بە تایبەت لە شانۆی بانتۆمایمدا، کە لە حەفتاکانەوە وەك ئارەزوویەك ئارەزوویەکی دەگمەن لەلای چەند شانۆکارێکەوە دەرکەوتووە، بەڵام پرۆژەیەکی تیۆری لە پشــت ئەو کارانەوە نەبووە، یان لە یەك دوو نمایش کۆتایی پی هاتووە، کە سەرچاوەیەکمان نیە ئاماژە بۆ شێواز و پــرۆژەی نمایشــەکان بــکات، هێندەی وەك ئەرشــیفێك لەناو بیلۆگرافیاکانــدا ئاماژەی بۆ کراوە، دیــارە ئەوەی زۆر ڕوونە لە بارەی ئەدا کردنی ئەم شانۆیە، زیاتر پەیوەست بووە بە بانتۆمایمی

حالەت و کەسێتی، کە ئەو شێوازانەش لەگەڵ مێژووی شانۆی یۆنانی و ڕۆمانی بوونە بە خاوەن بنەمای کۆنکرێتی، بە مانای بۆ شانۆکارێکی نا ئەکتیڤ بە تایبەت بۆ ڕەخنەگرە ئەرشیفیەکان یارمەتیەکی باشیان دەدات بۆ هاوکێشە ماتماتیکیەکان، کە پێویستیان بە خۆ ماندوو کردن و گەڕان نیە بۆ سەرچاوەی نوێ، تا ئاگاداری دواترین هەوڵی ئەو بوارە بن، بۆیە کاتێ بانتۆمایمێکی هاوچەرخ ببینن، هیستریایەك ڕوو بە ڕوویان دەبێتەوە، هستریای لادان لە بنەما کۆنکرێتیەکان، ئەو لادانە دژایەتیکردنی چەمکی باوی نێو ڕۆشنبیری ڕەخنەگرە ئەرشیفیەکانە، کە وای کردووە ئەم لێکۆڵینەوەیە بەر لەوەی بۆ خۆمان. ئەو شانۆکارانەی لەتەك من وەك ئەکتەر کاریان کردووە بنووسرێت، بەتایبەت بۆ ئەندامانی تیپی شانۆی ئەزمونگەری کەرکوك بۆ ئەوەی وەك بابەتی تیۆری ناو کارەکانمان ببێ بە سەرچاوە، بۆ ئەو دەنگە تۆز لێ نیشتووەی سەلەفیەت نووسراوە کە نایەوێ تێبگات، ئەوەش بە ئاگا هێنانەوەی ئەوان نیە، چونکە تازە بە ئاگا نایەنەوە، بەڵکو بۆ ئەو نەوە نوێیە نووسراوە کە سەلەفیەت چۆن بە موتڵەق قسە دەکات و چ کەلێنێکی ڕۆشنبیری گەورە لە نێوانماندایە، کە شایەنی بەزەییە نەك خوێندنەوە. شانۆی پاش تازەگەری چیە؟ چۆن ئەو ئەزمونە بناسین؟ ئایا شانۆیەکە پەیوەستە بە دەرهێنەرێکی تایبەتەوە؟ لە کورترین پێناسدا دەڵێین ئەو شانۆیە بە هەموو شێوەیەك دەیالۆگ ڕەت دەکاتەوە، بەڵام پابەندی ئەو ستایلە نابێت کە لە بانتۆمایم و ئەزمونە شانۆیەکاندا هەبوو، بەوەی ووشە بەشداری تیادا بکات، یاخود دەبێت ئەکتەر تەنها لەڕێگەی جەستەوە وێنای دنیای دەور و بەری بکات، بەڵکو لێرەدا ئەو شانۆیە هەر چەندە متمانەی سەرەکی لەسەر جەستەی ئەکتەرە، بەڵام شانۆیەکە بە دوای خوێندنەوەی ئەزمونە جیاوازەکان گەیشتۆتە ئەو ئاستە کە ئەمڕۆ بە شانۆی پاش تازەگەری ناو دەبرێت، سەبارەت بە ناو نانی ئەو شانۆیە ئەوە یەکێکە لەو سیما نوێیانەی ئەمرۆی شانۆ، نەك هەر لەئاستی وولاتێکدا بەڵکو بەم دواییە لە ڤیستڤاڵی شانۆی ئەزمونگەری قاهیرە ئەو شانۆیە سیمیناری تایبەت و کۆر و لێکۆڵینەوەی زۆری لە بارەوە نووسراو دوانی لەبارەوە کراوە، ئەوەش مانای وایە شانۆیەکە لەو سەردەمەدا کە گفتو گۆ لە نێوان تازەگەری و فەیلەسوفانی پاش تازەگەری هەر تەنها لە ناو هونەری بیناسازی شوێنی خۆی نەگرتەوە، بەڵکو پەڕیەوە بۆ شانۆش، بەڵام بۆ ئەوەی وەك ئەو هەموو ئەزمونەی لە ڕابردوودا شانۆی ئێمە بە درەنگ پێی ئاشنا نەبێت، ئەگەر هەوڵێکی بچووك و بێتواناش بێت ویستمان لەڕێگەی ئەو نووسینەوە بەشداری لەو شانۆیە بکەین، بۆ ئەوەی ئەگەر بکرێت بتوانین لە ئایندەدا ئەو ئەزمونە نەخەینە خانەی بێئاگایی خۆمانەوە، یان بە بیانوی ئەوەی لە ئەورووپا باوی نەماوە، ئەو بیانووە نەك هەر هێندە بێمانایە کە کەس گوێی لێ ناگرێت، بەڵکو بێمانایەکەی لەوێوە دەست پێدەکات، کە ئەو ئەزمونە ئەمرۆ گفتوگۆی زۆری شانۆکارانی لەسەرە و ئەوە تەنها نەگبەتی ئێمەیە کە پێمان وایە سەردەمی نەماوە، لە ڕاستیدا سەردەمی بیانووە بێهێزەکانی شانۆکاری کورد کۆتایی هات. ئەو کاتانەی ئەو ئەزمونە متمانەی سەرەکی بە جەستەیە دەبێت، یەکەم پرسیار لێرەدا بە پێویستی بزانین و بەهەند وەری بگرین جەستەیە، بۆیە لەو سەرەتایەوە دەپرسین: جەستە چیە؟ ئاخۆ گرنگە ئێمە بابەتێکی بۆ تەرخان بکەین؟ گرنگی و ڕۆڵی لە چیدایە؟ ئایا جەستە توانای خولقاندنەوەی مانای هەیە؟ یاخود ئەوە زمانی ووتراوە مانا بەرهەم دێنێت؟ ئەو جۆرە پرسیارانە چەندە دەروازەی چوونە ناو بابەتی جەستە بن، بەڵام بە تەنیا توانای ئەوەیان نیە دیدێکی ڕۆشنمان پێ ببەخشن، گەر بێت و لە هەردوو ئاستی تیۆری و پراکتیکیەوە سەیری چالاکیە جەستەییەکان نەکەین، نەك هەر لە سەرکوت کردنی لەناو ژیاندا، بەڵکو دەرخستنی ماهیەتی لە هونەری شانۆشدا، کە ئەوەی دواییان بابەتی سەرەکی ئەو نووسینەیە، بەڵام ئەو باسە دانابڕێت لەڕووی پەیوەندی کولتوری جەستەوە بە ژیان و دواتر چۆنیەتی ئامادە بوونی ئەو جەستەیە لە شانۆدا. بۆیە پێویستمان بە ئارامگریەکی باش دەبێت تا دەچینە سەر تەواوی کونج و کەلە بەرەکانی باسەکە، مەبەست لەو سەرنجەش ئەوەیە کە ئێمە ناکرێ تەنیا لە شانۆوە بدوێین و ئەو دوانە داببڕین لەو فەزا کولتوری و کۆمەڵایەتی و مرۆییەی کە تیایدا دەژین، لەلایەکی تر بەهەند وەرنەگرتنی ئەزمونی جەستە لەخۆر ئاوا، ئەگەر چی لەنێوان ئازاد بوونی جەستەی مرۆڤی خۆر ئاوایی لە بەرامبەر جەستەی کوردی کە جەستەیەکە هەمیشە دەزگا کۆمەڵایەتی و ئاینیەکان سەرکوتی دەکەنەوە، جیاوازی زۆر بنەڕەتی بەدی دەکەین، چونکە جەستەی کوردی جەستەیەکە لەناو خۆیدا کار دەکات، هەرچی جەستەی مرۆڤی خۆر ئاواییە جەستەیەکە لە دەرەوەی خۆیەوە ئیش دەکات، ئەوەش وای لێ دەکات هێمن بێت وەك جەستەی کوردی هەڵنەچێت، بەڵام ئەو جیاوازیانە نابنە

ڕێگر لەوەی قسە لە جەستە بکەین لە کۆمەڵگا و دواتر تاچەند جەستەی ئەکتەر دەتوانێ خوێندنەوەیەکی ڕەخنەیی بۆ ڕووبەری نمایشە شانۆییەکان بکات. ئەگەر لە ناسینمان بۆ جەستە وا سەیری بکەین کە ئۆرگانێکی فیزیکیە، ئەوا ئەو ئۆرگانە لە ڕووی سیمیۆلۆژیەوە لقێکی سەرەکی زمان پێك دێنێت، بەوەی بەرهەم هێنەرەوەی ئاماژەی نا زمانەوانیە، ئەو ئاماژەیەش لەڕێگەی کۆی چالاکیەکانی توانای خوڵقاندنەوەی مانای هەیە، بەڵام ئەو مانایە چۆن بەرهەم دێت؟ ئایا دەتوانین لەڕێگەی جولەی جەستە خودەکان بخوێنینەوە؟ ئەو کاتانەی بمانەوێ بارودۆخی سایکۆلۆژیی و فیکری خودێك بزانین پێویستە لەڕێگەی جولەی خودەوە تێڕوانینی ئەو بزانین، بەو پێیەی خودی قسەکەر بەردەوام لەڕێی گەمەی زمانەوانی توانای دەسخەڕۆدانی هەیە، بەوەی دەتوانێ چۆنی بوێت ئاوا بدوێت، بەڵام نەمان گەیەنێتە جەوهەری خۆی وەك ئەوەی هەیە، بەڵکو قسەکەر وا شتەکان دەگێڕێتەوە وەك ئەوەی خۆی حەزی پێدەکات، لەو کاتانەش ئاماژەی زمانەوانی توانای خوڵقاندنەوەی مانای نابێت، چونکە مانا لەناو زماندا سەرگەرمی گەمەکانی خۆیەتی، ئەوە ئاماژەی نازمانەوانیە وامان لێ دەکات بتوانین ماناکانی بخوێنینەوە، لەڕێگەی ئەو جولانەی کە خود بەبێ مەبەست و ناڕاستەوخۆ ئەنجامیان دەدات. ئەوە ئەگەر ئەوەمان بیر نەچێت کە هەر بەشێك لە جەستەی مرۆڤ بۆخۆی توانای دەربڕینی هەیە، بە مانای هەر جولەیەك لە (کەللە سەر، چاو، دەست، قاچ) ئاماژەن و لەکاتی کۆنترۆڵ کردنی خود ئەو ئاماژانە کەسێتی ئەو مرۆڤە دەر دەخەن، وەك چۆن لەکاتی لە دەستدانی کۆنترۆڵ تەواوی ئەو ئاستە سایکۆلۆژیەی کەسەکەمان بۆ دەخوێنرێتەوە، بەوەی بەشێکی جەستە بەبێ ویستی خۆی ئاماژە بۆ دۆخە دەروونی و شکستە ناخیەکەی خۆی دەکات. پێویستە لەسەرمان بەر لە چوونە نێو پرۆڤەی هەر کارێکی شانۆیی، چاودێری ئەو جولانە بکەین کە ڕۆژانە لەناو کۆمەڵگادا دەیبینین، لە ڕووی شێوە دانیشتن و هەڵسان و قاچ خستنە سەر یەك و جولەی پەنجەکان لەسەر دەستەکەی تر و تا دەگاتە پاککردنەوەی قوڕگ بۆ قسەکردن و جگەرە کێشان، هەریەك لەو جولە و ڕەفتارانە گوزارشت لە دۆخی خودەکە دەکەن، دەتوانین لەڕێگەی جولەکانەوە کەسەکە بناسین بەر لەوەی بدوێت. قوڕگ پاککردنەوە لەکاتی قسەکردن ئاماژەیە بۆ ئەو گرژیەی ئەو کەسێتیە تێی کەوتووە، یا جگەرە کێشان کە زۆرجار گوزارشتە لەچوونە قۆناغی باڵق بوونی، یا ئەو کچەی بەردەوام کلێنسێك بەدەستەکەی تریدا دەهێنێت، گوزارشت لە دڵەڕاوکەیی و ناجێگیربوونی دۆخی دەروونی دەکات.(٥) ئەوکاتانەی چاودێری ئەو جولانەمان کرد، دەتوانین لەناو پرۆڤەدا تەوزیفی بکەینەوە، یا ئەو تێگەیشتنە ساکارە پەرە پێبدەین، لەڕێگەیەوە جولەکانی جەستە لە کارەکتەر فراوان بکەین، بە مانای ئەوە دەق نیە دەبێ بە خاڵی دەسپێك، بەڵکو ئەو جولانەی کە جەستە هەڵگریەتی دەبن بە دەسپێك، دەق توانای دەوڵەمەند کردنی ئەو جولانەی هەیە، ئەوەش مانای وایە جەستە دەق دێنێتە بوون، بە پێچەوانەی شانۆی ئەرستۆیی کە دەق توانای خوڵقاندنی کارەکتەر و ڕووداو و زەمەنی هەیە، کەچی لە شانۆی بانتۆمایم ئەوە جەستەیە (دەق، کارەکتەر، ڕووداو، زەمەن) دەخوڵقێنێت، بە مانای جەستە هەڵگری ئەو کولتورەیە کە لە شانۆدا بە کاری دێنێت، چۆنیەتی تەوزیف کردنەوەی کولتور پەیوەست نیە بە گواستنەوەی کولتوری کۆمەڵگا بۆ سەر شانۆ، بەڵکو تێڕوانینی جیاوازی هونەرمەندە لە بەکار هێنانەوەی کولتور لە شانۆدا. جەستە چۆن بووە زمانێکی سەربەخۆ لە نمایشی شانۆیدا؟ ئەو ئەزمونانە چ کاریگەریەکیان لەسەر ئەو زمانە هەبوو؟ ڕۆڵی جەستە چی بووە لە ئەزمونە شانۆیەکان لای گەورە دەرهێنەرانی جیهان؟ ئەو شێوەیە چیە کە ئەو شانۆیە لە ئەمڕۆدا بە شانۆی پاش تازەگەری دەرکەوتووە؟ ئەو شانۆیە چ شتێکی بەخشیوەتە ئێمە کە شانۆی تازەگەری نەیتوانی پێمانی ببەخشێت؟ کاتێ ئەو پرسیارانە دەکەین مەبەستمانە لەو ڕێگەیەوە لەو پرۆژەیە قسە بکەین کە زیاد لە دوانزە ساڵە لەبواری شانۆی پاش تازەگەریدا کاری تیا دەکەین، لەو ڕێگەیەوەش باسی کارکردن و بۆچونی ڕەخنەگران و شانۆکاران لەبارەی ئەو پرۆژەیە چی بووە دەخەین ڕوو. دیارە وەستان لەسەر جەستە لەشانۆدا تەنیا بەفرێدانی تەلبەندەکانی ڕووی ئەو گومانەیە کە بەهۆی ئامادەبوونی گوتاری میتافیزیکی لە بزووتنەوەی شانۆیمان نەیتوانیوە پرسیار بکەین و گومان لەو گوتارە شانۆییە بکەین کە هەمیشە خۆی وەك موتلەق گەرایەك تەماشا کردووە، کە ئەویش بانگەشە کردن بووە بۆ شانۆیەکی ڕەسەن لەڕێگەی کەلەپوورەوە ویستویەتی تێگەیشتنمان بۆ ڕەسەنایەتی بکات بە سیما تایبەتیەکانی ئەو شانۆیە، لەو نێوەندەدا پێویستە پەیوەندی زەمەنی ئەو شانۆیە بۆ ئەو ڕۆژگارە بەهەند وەربگرین، بەوەی پێویستە ئەو گەشبینیە

بخەینــە ژێر گومانەوە بەوەی شــانۆکاری کــورد لە زەمەنی گلۆبالیزەیشندا چۆن لەڕێ□گەی کەلەپوورەوە دەیەوێ شوناس وە دەست بێنێت؟ ئێستا پێویستە قسە لە مێژووی ئامادە بوونی جەستە بکەین لە پرۆســەی نمایشی شانۆییدا، مەبەستیش لە چەمکــی مێژوو گێڕانەوەی کرنۆلۆژی قۆناغەکانی جەســتە نیە، هێندەی دوانە لەو ستایل و ئەزموونانەی جەستە لە شانۆدا تێی پەڕاندووە، بەوەی تاچەند ئامادەبوونی جەستە ئامادەبوونی زەمانێکی تایبەت بووە لە شانۆدا.

## ئامادەبوونی جەستە لە شانۆدا

ئەگــەر بۆ مێژووی لە دایك بوونی جەســتە بگەڕێینەوە، دەبێ بڵێین مێژووی جەســتە لە شانۆدا. مێژووی لە دایکبونی شانۆیە، چونکە هەموو ئەو وێنە و هێمایانەی لەسەر پاشماوەی ئەشــکەوتەکان ئاماژە بۆ جۆری ئاهەنگ و سرووتە ئاینیەکان دەکــەن، ئەوە دەردەخەن کە لەڕێگــەی کۆمەڵە جولەیەکەوە ئەو شــانۆیانە پێشــکەش کراوە، بەڵام ئەگەر بمانەوێ مێژوویەکی زانستی بۆ ئەو شــانۆیە بدۆزینەوە، ئەوە دەبێ بگەڕێینەوە بۆ ئەغریقیەکان، بە تایبەتی بۆ ســەدەی پێنجەمی پێش زاین، لەو سەردەمەدا تاکە ئەکتەرێك بە تەنها لەڕێگەی جولەی جەستەوە گوزارشــتی لەو بابەتە دەکرد کە دەیویست بیگەیەنێت، ئەوەش لەسەر زمانی فەیلەسوفی یۆنانی دیموکرات ئاماژەی بۆ کراوە، هەر لەو ســەردەمەدا ئەو شانۆیە تایبەتمەندێتی خۆی هەبووە، بۆیە نوسەرەکانیشی جیاواز بوون، ئەگەر هەر یەکە لە تیسپیس و ئەســخیلۆس بەشــداریەکی کاریگەریان لە شانۆی یۆنانی کردبێت و ســۆفۆکلیس چەمکــی تراژیدیای هێنــا بێتە ناو شانۆکەی و نواندن لە ئاســتی ئەکتەرێك و دوان دەرچوو بێت، ئەریســتۆ فانیس کۆمیدیای بەو شــانۆیە بەخشــی بێت، ئەوا تایۆکریت- یش وەك یەکەم نوســەری بانتۆمایــم دەرکەوتووە، جیاوازی ئەویش لەگەڵ تیســپیس لەوێوە دەســت پێدەکات، کە تایۆکریــت نایەوێ لەڕێگەی گێڕانەوە ڕووداوەکانمان بە گوێدا بدات، بەڵکو دێت ئەو ڕووداوانە لە شــێوەی جولە دەردەخات. لە ســاڵی (٢٧٠) ی پێش زاین لەسەر پاشماوە بەردینەکان سیانزە دەقی (هیرۆنداس) دۆزراوەتەوە، کە سەرجەمیان دەقی نووسراوی شانۆی جەستەییە. بە دوای یۆنانیە کۆنەکان، شانۆی ڕۆمانی بە بانتۆمایم ئاشــنا بوو، ئــەوان وەك یۆنانیەکان بە تەنیا لەناو پەرستگاکان نەیان هێشتەوە، بەڵکو هێنایانە ناو شوێنە جیاوازەکان، ئەوەش لە شانۆی ڕۆمانی بۆ دوو شێوە پۆلین دەکرێت، یەکەمیان بە ناوی (بانتۆمایمی ماڵەکان) ە، ئەویتریشیان بە (بانتۆمایمی شــەقام) ناســراوە. بانتۆمایمی ماڵەکان لە هۆڵ و کۆشــکی پاشــاکان نمایش دەکران، هەندێ جار دەبردرانە هۆڵەکانی شانۆ، بەڵام بینەرەکەی تایبەت بوو بە پاشا و دەســت و پێوەندەکانــی کۆشــك، هەرچــی بانتۆمایمــی شــەقام بوو تایبــەت نەبوو بە گروپێکی دەست نیشان کراو، بەڵکو بۆ هەموو چینەکان نمایش دەکرا، شــوێنی نمایشەکانیش دەست نیشان کراو نەبوو، بەڵکو ئەوان کارەکانیان لە شوێنە گشتیەکان و شــەقام و گۆڕەپانەکان نیشانی بینەر دەدا، ئەوەش ببــوە هۆی ئــەوەی بە بانتۆمایمــی شــەقام بناســرێت. بەڵام



هەرچی شــانۆی فەرەنســیە سەرەتا بانتۆمایمــی وەك هونەرێکــی سەربەخۆ نەناسیوە، بەڵکــو وەکــو لایەنێکــی شــانۆکەی دەرکەوتووە، کە چەند دیمەنێك لە ڕێگــەی جەستە پێشکەش کــراوە، بۆیە تا ســاڵی ١٧٠٠ شــانۆی

فەڕەنسی نەیتوانیوە شانۆیەکی بانتۆمایمی هەبێت، بە دوای ئەوان ئیتاڵیەکان بەو شانۆیە ئاشنا بوون، دوای ئەوانیش ئینگلیزەکان لەڕێگەی جۆن ڕیتش ئاشنای ئەو هونەرە بوون، دواتر لە سەرانسەری جیهان گروپی شانۆیی گەڕۆك لە سەرانسەری جیهان درووست بوو، بە مانای ئەوەی ئیدی شانۆیەك درووست بوو ئەکتەر لەڕێگەی جەستەیەوە بتوانێ بوونی خۆی تیا دەربخات، نەك تەنها شانۆ بریتی بێت لە دەیالۆگ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو بەرهەمانە جەستە تیایدا بەو شێوەیە بەکار نەدەهێنرا، هێندەی ئەوەی بە گرنگ سەیر دەکرا ئەوە جولەی دەست و سیمای ئەکتەر بوو، بەڵام ئەو کاتەی ئەو هونەرە بایەخی بە سەما کردندا ئەو هونەرە توانی لەو ڕێگەیەوە ئەو بەهایە بداتە جەستە، بەو دەرکەوتنە جەستە توانی دەروازەیەك بدۆزێتەوە بۆ شانۆکە، لەگەڵ تێپەڕینی زەمەن شانۆکاری نوێ دەرکەوتن، تا گەیشتە ئەوەی لە سەرانسەری دنیادا شانۆیەك بناسرێت لەڕێگەی جەستەوە نمایش دەکرێت، دیارە ئەو شانۆیە بێ ئاستەنگ و کێشە نەبوو، بەڵکو گرفت و کێشەی خۆی هەبوو، هەر لە دەرکردنی تۆماس ئیکنز کە مامۆستای پەیمانگاکانی هونەر بوو، بە هۆی ئەوەی لەڕێگەی ئەو هونەرەوە مۆدیلی ڕووتی هێناوەتە سەر شانۆ، تا دەگات بە دەرکردنی تیپی ئەکتەرانی ئیتاڵی لە فەڕەنسا ساڵی ١٦٩٧ لەلایان لویسی چواردەهەم بە بیانوی ئەوەی لە کارەکانیان لاسایی ئەویان کردۆتەوە. لەگەڵ سەرەتای سەدەی بیستەم ئەو شانۆیە لەسەر دەستی جاك کۆبۆ پێی نایە قۆناغێکی ترەوە، کە لە دایکبونی بانتۆمایمی نوێ بوو، ئەگەر چی وەك تۆماس لیبهارت ئاماژەی بۆ دەکات تا ڕادەیەك لەژێر کاریگەری شانۆی (نو) ی یابانی بووە، وەك چۆن دابڕاو نەبوو لە کاریگەری هونەرمەندانی قۆناغەکەی خۆی لە وانەش لویس جۆ فیە و شارل دیلان، بەڵام ئەو دوانە دواتر وەك دوو ئەکتەر لە چەندین کاری ئەودا دەرکەوتن، وە بۆ ئەوەی بتوانێ ئەکتەری هۆشیار و ڕوناکبیر لە هەردوو ئاستی تیۆری و پراکتیکی درووست بکات، پەیمانگای کۆلۆمبی پیری دانا، جگە لەوەی هۆشیاری بە ئەکتەر دەبەخشی توانی یەکێك لە گۆڕانەکان لە ناو بانتۆمایم بکات، دەرخستنی ڕۆڵی ڕوناکی بوو، کە پێشتر گەر لە زۆربەی کارەکان سیما و جولەی دەست جێگەی سەرنج ڕاکێشان بوو، کۆبۆ وایکرد لەڕێگەی ڕوناکیەوە بەهایەکی تر بە جەستە بدرێت، بۆ ئەوەی لەڕێگەی جولەوە ڕوناکی مانایەکی نوێ بە جەستە ببەخشێت. لەبەر ئەوەی ئێمە مەبەستمان نووسینەوەی مێژووی جەستە نیە لە شانۆدا، بۆیە هەموو ئەو گۆڕان و قۆناغانە گەر بە ناچاریش بێت، دەبێ فەرامۆشی بکەین و تەنها ئاماژەی خێرا بۆ ئەو خاڵانە دەکەین کە جەستە لە شانۆدا بە خۆیەوە دەبینی، بۆ نمونە ناکرێ ئێمە بێینە سەر تەواوی ئەو بڕیارەی کۆبۆ شانۆکەی داخست، بەڵکو ئەوەی لێرەدا بەلامانەوە گرنگ بێت درێژەدان و بەردەوامی یەکێك لە قوتابیەکانیەتی بە ناوی ئیتیان دیکرو، بەڵام ئەو پێی وابوو زەحمەتە بەتەنیا لە ڕێگای جەستەوە هەموو شتێ بگەیەنرێت، بۆیە پەنای دەبردە بەر دەنگ و ووشە و گۆرانی، ئەوەش وای دەکرد کۆبۆ تێ نەپەڕێنێت، بەڵکو گەڕایەوە بۆ ئەو شێوازەی کە بەر لە کۆبۆ بوونی هەبوو، بە مانای گەر جاك کۆبۆ شانۆکەی لە ووشە و گۆرانی و دەنگ ڕزگار کرد، ئەوا دیکروا ئەوانەی گەڕاندەوە ناو شانۆ، بە مانای چیتر کارەکانی پەیمانگاکەیان تایبەت نەبوو بە بانتۆمایم هێندەی میلۆدراما بوو.(٦) ئەوە فەرامۆش کردنی ئەو هونەرە نەبوو، بەڵکو تەنیا لە زۆربەی کارە بانتۆمایمەکانی تەنیا جولە زمانی پێکهاتەی شانۆ نەبوو، دوو هونەرمەندی تر دوای ئەو دەرکەوتن کە هەردووکیان قوتابی ئەو بوون، یەکەمیان ژان لۆی بارۆ ئەویتریشیان مارسیل مارسۆ، کە تا ئەمڕۆ بە باشترین هونەرمەندی بانتۆمایم لە جیهاندا ناسراوە.
ئەگەر گرفتی سایکۆلۆژی لەپشت داهێنانی کاری هونەریەوە بێت وەك فرۆید پێشبینی دەکات، ئەوا دەبێت بڵێین ئەو تێڕوانینە بۆ بارۆ لەو هونەرە زۆر ڕاستە، ئەویش پەیوەندی بە ناسرووشتی بوونی جەستەی خۆیەوە هەبوو، لەلایەکی تریش مردنی باوکی کە ئەو زۆر منداڵ بووە و خۆی دەڵێت "هەمیشە لەگەڕاندا بوومە بە دوای باوکم" ئەو گەڕانە لەپاڵ هۆکاری یەکەمی جەستەی خۆی، توانای نووسینەوەی نهێنیە خودیەکانی لەناو کاری هونەری هەبووە، بۆیە بە شێوەیەك بایەخی بەو هونەرە دا کە توانی ببێت بە خاوەنی شێوازێکی تایبەت لەو هونەرەدا، ئەوەش بۆتە هۆی ئەوەی ئەمڕۆ گروپە شانۆییەکانی بانتۆمایم زۆر بە بایەخەوە مەشقەکانی بارۆ بەهەند وەربگرن، چونکە ئەو لەپاڵ مارسیل مارسۆ بووە بە درەوشاوە ترین هونەرمەندانی ناو ئەو هونەرە. سیما تایبەتیەکانی ئەم شانۆیە بەلای مارسۆ سەرەتا بریتی بووە لە نواندنی تاکە کەسی کە خۆی پێی هەڵساوە، دواتر ئەکتەری تری هێناوەتە ناو شانۆکەی، ئەو وەك دیکروا نەبووە، بە هیچ شێوەیەك ووشە و گۆرانی بەشداریان لە کارەکانیدا نەکردووە، سیمای ئەکتەر بە ڕەنگی سپی ئارایشت دەکرێت، ئەوەش بۆ ئەوەی لەپاڵ جولەی دەست، هەر جولە و شێوە

گۆڕینی ڕووخسار کە هەمیشە وای دەنوێنێ کە لەگەڵ هەر پۆشینی ماسکێك ڕووخساری ئەو شێوەیە وەربگرێت، ئەوە لەپاڵ بایەخدانی تایبەتی بە جولەی تەواوی جەستە، بەڵام مارسۆ دابڕاو نیە نەك هەر لە تەواوی مێژووی بانتۆمایم، بەڵام دەبێ لە کارەکانی ئەودا ئەوەمان بیر نەچێت، ئەو کارانەی مارسۆ ئەنجامی دەدا جولەکانی گوزارشتی ڕەوان بوو بۆ بینەر، بۆیە کارەکانی پەیوەندی نەبوو نە بە "مایمی تازەگەری و نە بە پاش تازەگەریش، ئەو کارانەی هەر لە بالێ کانی سەدەی نۆزدەهەم دەچوو، لە ڕووی پەیوەندی لەگەڵ سەمای نوێ، یاخود دوای نوێ"(٧) مارسۆ لە ڕووی تەکنیکیشەوە سوودی لە شانۆی ڕەشی چیکسلۆ فاکی وەرگرتووە، بەو پێیەی ئەو ئەزمونە توانیویەتی لەپاڵ ئەزمونە گەورەکانی شانۆ بۆ جەستە دەربکەوێت، شانۆی ڕەشی چیکسلۆ فاکی بۆ سەرەتاکانی سەدەی ڕابردوو دەگەڕێتەوە، ئەو کاتەی هونەرمەندی فەڕەنسی (جۆرج لافای) نمایشێکی بووکە شووشەی لەنێو کابینەیەکی ڕەشدا پێشکەش کرد، ئەو کاتەی لە ١٩٥٥ ئەندامانی تیپی سلامەندەری چیکسلۆ فاکی ئەو نمایشە دەبینن، کاریگەری زۆریان لەسەر بەجێ دێڵێت، بە تایبەت لە ڕووی جولە و پانتایی ڕەش، ئەو ئەزمونە دەستی بە پشکنین و گەڕان کرد، بە تایبەت لەڕێگەی کارەکانی فرانتشیك کراتۆخفیل کە لە بنەڕەتدا هونەرمەندێکی شێوەکاریی بوو، سەرەتا کارەکانی ناونا شانۆی شێوەکاری، بەڵام کاتێ لە ئازاری ١٩٧٧ بە هاوبەشی فلادیمێر کابالکا شانۆگەری (لێبوك) نمایش دەکەن، ئەو نمایشە دەبێتە سەرەتای مێژووی لە دایکبونی شانۆی ڕەش، کە بەرەنجامی ئەزمونەکانی چارەگە سەدەیەك بووە، بنەما سەرەکیەکانی ئەو شانۆیە پێك هاتووە لە بوونی ئەکتەر لەناو پانتاییەکی شانۆی ڕەشدا، بە ڕادەی ئەو جل و بەرگ و پانتایە ڕەشەی داگیری دەکات، ئەوەی دەبێتە مایەی سەرنج ڕاکێشان تەنیا جولەی دەست و سیمای ڕووخسارە، لە دوا وەی شانۆکەش (خاڵ، هێل، بارستایی) ئەو سێ توخمە شێوەکاریەی ناو شانۆکەن، ڕوناکیش زیاتر بەرەو ڕەنگی خەون ئەکتەرەکان پەلکێش دەکات، ئەوان بە دوو شێوە ئەزمونی جەستە لەتەك دەق دەخەنە ناو مەشقەوە، یەکەمیان کە ڕاستەوخۆ پشت دەبەستێ بە سیناریۆیەکی شانۆیی، شێوەی دووەمیش ئەزمونکردنە لەتەك دەقێکی شانۆیی بۆ ئەوەی لە کاتی کارکردن دەیالۆگەکان بگۆڕنە سەر جولە؟ بە مانای شیعریەتی ووتراو دەگۆڕن بۆ پانتایی خەون.(٨)

## جەستە لە شانۆی ئەزمونگەریدا

بە دوای دەرکەوتنی ڕۆڵ و بەهای جەستە لە شانۆدا، ئیتر لای دەرهێنەرە ئەزمونکارەکان جەستە بووە بەشێکی سەرەکی لە پێکهاتەی ئەزمونی شانۆیی، لای ئارتۆ جەستە دەچێتە نێو خەونی نەستەوە، بۆ ئەوەی بتوانێ بەشداری لە هۆشیاری کەبت کراومان بکات، لەو ڕێگەیەوەش جەستە هەڵدەستێ بە ئاشکرا کردنی نهێنیە شاراوەکانی، کە زەمان لەڕێگەی گفتوگۆوە حەشاری دابوو، جەستە دێت لەناو خەوندا هەموو ئەوانەی لە دەرەوەی تێگەیشتن بوون، دەیانکاتە بەشێکی سەرەکی لە گوتاری شانۆدا، ئەوەش بنیاتنانی گوتارێکی ناتەبا بوو، بەو پێیەی نمایش خاڵی نەبوو لە ژانرە ڕۆشنبیریەکانی تر، بە تایبەت لە ئامادە بوونی هەریەکە لە شیعر و هونەری شێوەکاری. شیعر و شێوەکاری پەیوەندی بەو فەزا گشتیە هەبوو کە بەرەنجامی تیۆری نەستی فرۆید لەلایەك و لەلایەکی تر هەر دوو بزووتنەی دادایزم و سوریالیزم کاریگەری تەواوی لەسەر ئەو شانۆیە بەجێ هێشت، بە تایبەت ئارتۆ کە خۆشی کۆمەڵێك شیعری نووسی، بەو نووسینانەش بە یەکێك لە سوریالیستەکان ناوی دەرکرد، لە لایەکی تر نووسینی کتێبێکی تر بە ناوی (نامەیەك بۆ جاك پریڤەر) بەشێکی تری تێڕوانینی ئەو بوو بۆ شانۆ، کە هەموو ئەوانە وایان کرد ئەو شانۆیە لەناو شیعر و شێوەکاری بێتە بوون، ئەم دوانە لەناو شانۆ لە هەوڵی بنیاتنانی شیعریەتی شوێن بوون، ئەوەش بە تەنیا بەرەنجامی ئەو شانۆیە نەبوو لەڕێگەی شیعر و تابلۆ، بەڵکو بەرەنجامی ئەو پەیوەندیە ئەنترۆپۆلۆژیە بوو کە لەڕێگەی سرووتی شانۆییەوە بەرجەستەی دەکرد، بە مانایەکی تر شانۆ لای ئارتۆ بووە لە دایکبوونی زانستێکی شانۆیی کە ئەمرۆ بە ئەنترۆپۆلۆژیای شانۆ دەیناسین، ئەوەش مانای وایە ئارتۆ لەڕێگەی جەستەوە کودەتایەکی بەسەر شانۆدا هێنا، کە پەیوەندی نێوان شانۆ و زانستەکانی کرد بە پەیوەندیەکی دیالەکتیکی، ئەوەش ئەو تێگەیشتنە ئەزمونگەریە بوو، کە لەپاڵ ئارتۆ، گۆردن گریك- یش هەر هەمان ڕوانینی بۆ شانۆ هەبوو، کاتێ پێی وابوو لە داهاتوودا دەبێ شانۆ لە جولە و ئاماژە پێك بێت، بە پێی زەمەنی ئەزمونەکان دەقی شانۆیش بوونی نەمێنێت، بە مانای بەبێ دەقیش شانۆ هەر هەیە، بەڵام بەبێ جەستە شانۆ نابێت، کە جەستە هەبوو واتە شانۆ هەیە، ئەو تێگەیشتنە ئەزمونگەریە پەیوەندی بە ڕوانینێکی لابۆریانە هەیە بۆجەستە. هەر چی گرۆتۆ فسکیە لە ماوەی بیست و

دوو ساڵ لە لابۆرەکەیدا بە ناوی شانۆی هەژار هەوڵی دەدا جەستە لەڕێگەی مەشق و گەڕانێکی هەمیشەییەوە هەموو ئەو سنورانە تێك بشکێنێت، کە بە ڕێسای نمایشی شانۆیی دادەنرێت، لە سیستمی ڕێکخەری نێوان هۆڵ و تەختەی شانۆ، بۆ ئەوەش دەڵێت "ئێمە لە سەدەی میتا شانۆدا دەژین"(٩) بایەخی سەرەکی دەگەڕاندەوە بۆ ئەکتەر و بینەر، هەموو ئەو پێکهاتە شانۆییانەی لە جۆری دیکۆر و ئێکسوارات و ڕوناکی فەرامۆش دەکرد، بەوەش کاری ئەکتەری قورستر دەکرد، بەوەی دەبوو لەڕێگەی جەستەوە گوزارشت لەو پێکهاتە شانۆییانە بکات، ئەو هەر چەندە بانگەشەی بۆ میتا شانۆ دەکرد، بەوەی لابۆر دەتوانێ بە دژی شانۆوە کار بکات، مەبەستیشی دژایەتی نەبوو بە مانای ووشەکە، هێندەی گۆڕان بوو لە گوتاری باوی نمایش، چونکە ئەدەب لە لابۆرەکەی ئەودا نەدەکرایە دەرەوە، هێندەی بە قووڵی دەخوێنرایەوە و ئەکتەر لە دەرەوەی سنوری زمانەوە گوزارشتی لە دەق دەکرد، لەڕێگەی جولە و مۆسیقا و هاوار و دەنگەوە دەیویست دەقی نمایش دەقێکی جیاواز بێت، نەچێتەوە سەر ئەو تان و پۆ ئەدەبیە، بەڵکو دەقێك بێت ئەکتەر بەرهەم هێنەرەوەی بێت، ئەوە جگە لەوەی لە هەندێ ئەزموندا تەواوی دەقەکەی لە شێوەی بانتۆمایم پێشکەش دەکرد، بەڵام ئەوەی جەستە سوود مەند بوو لەو لابۆرە و توانی لە ڕەهەندێکی دەست نیشان کراو نەجولێتەوە، پەیوەندی بەو تێگەیشتنە ئەزمونکاریەی گرۆتۆفسکیەوە هەبوو، لە ڕووی پەیوەندی نێوان شانۆ و فەلسەفە، ئەو پەیوەندیەش بەشێکی سەرەکی مەعریفەی ناو لابۆرەکەی بوو، کە تیایدا کۆمەڵناسی و فەلسەفەی کولتور و ئەنترۆپۆلۆژیای فەلسەفی بەشێکی بابەتە تیۆریەکانی لابۆرەکە بوون، بە مانای ئەنترۆپۆلۆژیا (مرۆناسی) لای ئەویش وەك چۆن لای ئارتۆش بابەتێك بوو بە بایەخەوە تەماشا دەکرا، ئەویش فەرامۆشی نەکردبوو، ئیدی ئەکتەر نەبووە کۆیلەی سیستمی گریمان کراوی پرۆسەی نووسین و کردەی دەرهێنان، چونکە جەستە توانی ببێت بە کەناڵی نێوان نمایشی شانۆیی و کردەی وەرگرتن، لەو نێوەندەشدا بیرۆکەی قەدیسی بۆ ئەکتەر خستە ڕوو، بەوەی ئەکتەر پیرۆزترین توخمە لە شانۆدا، ئەوە گەڕانەوە نەبوو بۆ چەمکێکی ئاینی، بەڵکو پرۆسەی ناو نانەکە تەنیا پەیوەستە بە مانا پیرۆزیەکەی.
ساتەوەختی گەشەکردنی لابۆری شانۆی هەژار، هاوکات بوو لەگەڵ بانگەشە کردنی شانۆیەکی تازەگەر کە برتۆڵد برێخت لە شانۆی داستاندا ڕایگەیاند بوو، بەڵام گرۆتۆفسکی لە لابۆرەکەیدا بە دژی ئەو تازەگەریە وەستایەوە، ئەوەش دژایەتی کردنێکی تری تازەگەری بوو، کە دەکرێ ئەو دژایەتیە لە ئارتۆ وە دەست پێ بکەین، گرۆتۆفسکی بە شێوەیەکی تر ڕووبەڕووی بۆتەوە کە ئەو هەوڵە ئەمڕۆ بە شانۆی پاش تازەگەری ناو دەبرێت، بەڵام بەر لەوەی بچینە سەر خاسیەت و تایبەتمەندیەکانی ئەو شانۆیە، دەبێت ئاماژە بە دەرهێنەرێکی تریش بکەین ئەویش پیتەر بروکە، کە بۆ ماوەی دە ساڵ لابۆرێکی شانۆیی تایبەتی بۆ کارەکانی ئارتۆ کردەوە لەژێر ناوی (شانۆی توند و تیژی)، ئەو ڕەهەندە ئەنترۆپۆلۆژیەی ئارتۆ لەڕێگەی سرووتەوە بەر جەستەی دەکرد، لای بروك بونیادێکی ئامادەیە لە لابۆرە شانۆیەکەیدا، بە مانایەکی تر لە نێوان سرووت و توند و تیژی چەمکی (پانتایی بۆش) دێنێتە بوون، پانتایی بۆش لای بروك بەرەنجامی خوێندنەوەی ئاماژەکانی جەستەی ئەکتەرە، بۆیە ئەوە دەیگەیەنێتە ئەو ئاستەی بڵێت"هەر پانتاییەکی بۆشم بدەیتێ، من شانۆیەکی ڕاستەقینەی لێ درووستدەکەم" (١٠) دەشێ ئەو دەستەواژەیە پێویستی بە تێڕامانێکی ئەوتۆ نەبێت بۆ ڕاڤەکردن، بەڵکو پێویستی بە تێڕامان بێت لەجۆری ئامادە بوونی جەستە لە پانتایی بۆش، چونکە بوونی جەستە لەو پانتاییەدا مانای بوونی شانۆیەکە کە دوور بێت لە گەمەی تەکنەلۆژی و کۆکردنەوەی لەناو هەڵچوونی ووتراو بەناوی واقعیەتەوە، چونکە ئەو تێگەیشتنەی ئەو شانۆیە ناو بەرێت بە واقعی، ئەوا لای بروك تێگەیشتنێکی هەڵەیە، چونکە "واقعییەت مانای پەیوەندیەکان دەگەیەنێت، نەك واقعییەتی دیکۆرێکی لاسایکەرەوە"(١١)

## خاسیەتەکانی شانۆی پاش تازەگەری

هەموو ئەو ئەزمونانەی تاکو ئێستا ئاماژەمان بۆ کرد، چ ئەوانەی لەژێر ناوی بانتۆمایم و چ ئەوانەش لەژێر ناوی بانتۆمایمی نوێدا دەرکەوتوون، چی ئەوانەش کە لە لابۆرە ئەزمونگەریەکان بایەخی تایبەتیان بە جەستە داوە، ئەزمون گەلێکن دەرگای پڕۆژەی شانۆی ئایندەمان بۆ دەکەنەوە، شانۆیەك کە ئەمڕۆ لە جیهاندا بە شانۆی پاش تازەگەری ناو دەبرێت، ئەوەش شانۆیەکە ووشە تیایدا کراوتە دەرەوە، بەڵام پابەندی ئەو بانتۆمایمە نیە کە لە ڕابردوودا پەیرەو کراوە، بەڵکو شانۆیەکە چەندە متمانەی کردۆتە سەر جەستەی ئەکتەر، بە

هەمان شێوەش پێکهاتەکانی وێنەی شانۆیش لە جۆری ڕوناکی و مۆسیقا و موفرەدەی شانۆیی بوونی هەیە، دوا جار شانۆیەکە لەناو شانۆ وە دەست پێناکات، بەڵکو بە پڕۆژەیەکی فیکریەوە دێت، گومان و پرسیار لەگەڵ خۆی دێنێت. فەلسەفە بەشێکی سەرەکی لەو شانۆیە بەردەکەوێت، جگە لەوە ئەو شانۆیە تیۆر و زانست فەرامۆش ناکات، بەڵام نەك زانستێك بەمانا باوەکەی، بەڵکو زانست لەڕێگەی پەیوەندیەکی هارمۆنی لەگەڵ شانۆدا. ئەنترۆپۆلۆژیای شانۆ و سۆسیۆلۆژیای شانۆ دوو کەنالی گرنکی شانۆی پاش تازەگەرین، ئەگەر چی دەکرێت لێرەوە بابەتەکە زیاتر بەرە و تێڕوانینی تایبەت بڕوات لەوەی پا بەستێکی ڕووت بێت بە شێوازێکی شانۆییەوە، ئەوەش بەرەنجامی مەشق و ڕاهێنانی ئەو کۆمەڵە نمایشە شانۆییە کە ئێمە زیاد لە دوانزە ساڵە وەکو دەرهێنەر لەپاڵ کۆمەڵێك ئەکتەر کارمان تێدا کردووە، بۆیە دەشێ ئەو نووسینە لێرەوە خۆی پابەستی ئەزمونی تەواوی داهێنەر و ڕابەرێکی ئەزمونگەری شانۆ نەکات، هێندەی پەیوەستە بە شێوەی ئەزمونی کارکردنی خۆمان، بەلامانەوە گرنگ نیە ئەوەی لێرەدا بڵاو دەبێتەوە، لای تەواوی شانۆکاران بەهەند وەربگیرێت، بەڵکو بەهەند وەرگرتنی ئەو کارە بە پلەی یەکەم بۆ بەشدارانی ئەو پڕۆژە شانۆییە کە بەر لە کار کردن وەك بابەتێکی تیۆری دەخرێتە بەردەم ئەکتەرەکان و دواتر بۆ ئەو شانۆکارانەش کە دەیانەوێ بەو شێوەیە شانۆ بکەن، بۆیە ئێمە لێرەدا لە ڕوانگەی ئەو پڕۆژە شانۆیەوە دێینە سەر دوان و گفتوگۆ لەسەر هەردوو زانستی مرۆناسی (ئەنترۆپۆلۆژیا) و کۆمەڵناسی (سۆسیۆلۆژیا) هەروەها لەسەر بوونی کەنالێکی تری ئەو شانۆیە گفتوگۆ دەکەین ئەویش تیۆری ژنانە (فێمێنیزم) هەموو ئەوانەش لەناو زانستێکدا لە نمایش کۆ دەکەینەوە کە زانستی ئاماژە ناسی (سیمیۆلۆژیا)یە.

دوان لەو دۆخەی کە ئەمڕۆ شانۆ تێی کەوتووە لە کۆمەڵگای ئێمەدا باسێکە هەڵگری بۆچوون و تێڕوانینی جیاوازە، کە ئەو نووسینەش دیدێك نیە بۆ سەپاندنی ئەو گریمانانەی کە ئەو نووسینە لەخۆی دەگرێت، بەڵکو دەنگێکی تری نێو جیاوازی ئەو بۆچوونانەیە کە لە دیدێکی تایبەتمەندەوە دەیەوێ قسە لەو بێدەنگیەی شانۆ لە کۆمەڵگای کوردیدا بکات، بۆ ئەوەی بتوانین قسە لە ئایندە بکەین پێویستە گومان لە دوێنێ بکەین و پرسیار لە ئێستا بوونی خۆمان بکەین، بەوەی بە ڕاست ئێمە ئەوەی تا ئەو ساتەوەختە پێی هەڵساوین دەتوانین ناوی بنێین شانۆ، لە کاتێکدا سەدەی ڕابردوو سەدەی بانگەشە کاری شانۆکاری کورد بوو لەژێر ناوی: شانۆی ڕەسەنی کوردی وشانۆی ئەزمونگەری کوردی. بۆ ئەوەی ڕەخنە ئاراستەی ئەو دوو زەمەنە بکەین وخەونی ئایندەیەکی گەشمان هەبێت دەبێت خۆمان بەوە فریو نەدەین کە خاسیەتەکانی هەوڵە شانۆیەکانمان هەوڵدانی زەمینەیەکن بۆ دامەزراندن، بەڵکو خەونی ئایندە دەکرێت لەوێوە سەیری بکەین کاتێك گومان و پرسیار و ڕەخنەمان کرد بە پڕۆژەی کارەکانمان، بۆیە خەوشی ئێمە لەوەدا نیە گەر هەست بکەین کۆتایی سەدەی بیستەم کۆتایی وەهمی شانۆی کوردی بوو، بەڵکو خەوش و نەنگی لەوێدایە ئەو وەهمە بە خاسیەتەکانی شانۆی کوردی ناو بەرین، ئێمە بۆ ئەوەی بە دوای ئەلتەرناتیڤێکی شانۆیی بگەڕێین دەبێت خۆمان لە هەموو ئەو وەهمانە بە دوور بگرین، لە بڕی ئەوە تیۆر و میتۆد بکەینە زەمینەی قسە کردنەکانمان، بۆیە ئێمە لەڕێگەی شانۆی پاش تازەگەری دەمانەوێ لە ئەزمونێکی جیاواز بدوێین، ئەزمونێك کە ڕوانینێکی میتۆدیانەیە بۆ ڕەخنە گرتن لەو ڕابردووەی کە لەناو گوتاری شانۆییمان قسەی لە تازەگەری کردووە، مەبەستیش گەڕانە بە دوای ئەزمونی جیاواز.

ئێستا با بپرسین لە کوێوە بۆ شانۆی پاش تازەگەری بگەڕێین؟ ئەو کاتەی ئەو پرسیارەمان لەخۆمان کرد ناشێ تەنها بۆ ئەو دۆخە هەنوکەییە بگەڕێینەوە کە قسە لەو شانۆیە دەکرێت، بەڵکو پێویستمان بە لە دایکبوونی ئەو گۆڕانە هەیە کە ئەمڕۆ ناو زەدی دەکەین بە شانۆیەك لە دژی شانۆی تازەگەری، ئەو کارەش ئەنتوان ئارتۆ پێی هەڵسا لەڕێگەی شانۆیەك کە بە دژی ئاخاوتن بووەستێتەوە و جەستە تیایدا نوسین بەرهەم بێنێتەوە، ئەو شانۆیە بەلای دریدا- وە بە شانۆیەك سەیر دەکرێت کە دژی سێنترالیزمی لۆگۆسیە(١٢) چونکە بەلایەوە هەڵوەشاندنەوەی دەنگ بەشێکە لەناو هەڵوەشاندنەوەی لۆگۆس، شانۆی ئارتۆ ناو دەبات بە شانۆیەك کە تیایدا گەڕانەوەیە بەرەو نووسین و هەڵوەشاندنەوەی سێنترالیزمی دەنگە، هەڵوەشاندنەوە لەلای ئارتۆ بەرەنجامی سەرە ونخونکردنی تەواوی بزاڤە شانۆیەکە نیە، بەڵکو ئەوەی دریدا ش ئاماژەی بۆ دەکاتەوە ئەو دێرەی ئارتۆیە کە بڕوای وایە تاکو ئێستا هەر یەکە لە شانۆ و سەما بوونیان نیە، بە مانای ئەوەی بۆ ئارتۆ ئەوەی پێی دەووترێ شانۆ لە ڕاستیدا شانۆ نیە، چونکە کۆمەڵێك گوتاری خستۆتە ناو خۆی، بوونی ئەو گوتارانە وایان کردووە ڕۆڵی شانۆ وون بێت، یەکێك لەو گوتارانەی کە شانۆی ئارتۆ دەیکاتە دەرەوە، دەرکردنی یەزدانە لەشانۆدا، دەرکردنی یەزدان لە شانۆدا بە مانای شانۆیەك بڕوای بە بوونی سێنترالیزمی لۆگۆس نیە لەناو خۆیدا، شانۆیەك کە بوونی نەبووە پەیوەستە بە بوونی



لۆگۆس، لێرەدا دەکرێ بەشی هەرە زۆری ئەو ڕەخنەیە بەر شانۆی یۆنانی بکەوێت، کە دواجار تەواوی شانۆکە و گوتاری بیرکەرەوە گوتارێك نەبووە لە دەست دەرهێنەر و ئەکتەرەکان، هێندەی گوتارێك بووە لەڕێگەی ووشەی دەنگیەوە چارەنووسی شانۆگەریەکان یەزدان دەست نیشانی کردووە، ئەگەر بمانەوێ نمونەیەکی زیندوو لەناو ئەو شانۆیە بێنینەوە با ئاماژە بە ئۆدیپۆسی سۆفۆکلیس بکەین، ئەوە نە ئۆدیبە لەڕێگەی زمانەوە کارەکتەر دەباتە ناو تراژیدیا، وە نە نووسەری دەقەکەشە، بەڵکو تەسلیم بوونی هەر یەکە لە تەواوی کارەکتەرەکان ونووسەرن، بە بڕیاری یەزدان بەوەی زەمەنی تراژیدیا زەمەنێکە یەزدان بەرهەم هێنەریەتی، کاتێ ئارتۆ ئەو گوتارە میتافیزیکیە لە شانۆکەی دوور دەکاتەوە، هەمان ستراتیژی دریدا مەبەستیەتی لەو شانۆیە بوونی هەیە، چونکە لای ئارتۆ وێنەی دەنگی ووشە شتێك نیە توانای دەسەڵات وەرگرتنی هەبێت، کە لای دریدا ش دەنگ بەشێکی بە سێنترالیزم بوونی لۆگۆس بەرهەم دێنێت، دەرکردنی ووشەی دەنگیش لای ئارتۆ وگۆڕینی بە وێنەی جولاوی جەستە پرۆسەی لەدایکبوونی نووسین دێنێتە بوون، بەڵام نووسینێك بێلایەن نەبێت لە ڕووی ئامادە بوونی دەرهێنەر وئەکتەران، ئەوە دوا جار جەستەیە دەقێك دەنووسێتەوە تیایدا لەبڕی ئامادە بوونی میتافیزیکی ڕووی ئەودیوی ئەو ترسە میتافیزیکیە دەتەقێنێتەوە کە وەك تاعونێك دەردەکەوێت، هەموو ئەو پیسیەی ناو جەستە دێنێتە دەرەوە و پرۆسەی کاتاریسی جەستە دەست پێدەکات، ئەگەر بە زمانی دریدا قسە بکەین، دەڵێین نووسین جەستە پاك دەکاتەوە لە هەموو ئەو پیسیەی دەنگ تیایدا دەسەڵاتی تۆقێنەری لەناومان خوڵقاند بوو، چونکە شانۆ بۆ ئارتۆ دەسپێکێکی نوێیە، شانۆی کلاسیکی بەلایەوە تووشی وەستانی ئەو خوێنە بووە کە لە شوێنی خۆی پیس دەبێت و دەیکات بە گرێیەك، ئەو گرێیە پەتایەکە هەر یەکە لە میتافیزیکیا و دەنگ خوڵقاندویانە، جەستە لە بەرەنجامی نووسینەوەی خۆی ئەو گرێیە دەتەقێنێتەوە، ئەو خوێنە پیسە دەر دەکات و جەستە لەو پیسیە ئازاد دەکات، ئەوەش پرۆسەیەك نیە کە تەنها ئەکتەر و دەرهێنەر تیایدا ئازاد بن، هێندەی وەرگر بە هەمان شێوە بەشداری لە پرۆسەی پاکبوونەوە دەکات، بەوەی بەشداری لە پرۆسەی بینین دەکات، ئەو پرۆسەیە لە شانۆی ئارتۆ ساتەوەختی بەشداری پرۆسەی نمایش و کردەی وەرگرتنە.(١٣) ئەوکاتەی یەزدان دەکرێتە دەرەوە مانای وایە مرۆڤ شوێنی دەگرێتەوە، بۆیە ئەو شانۆیە لەتەك بیرۆکەی کوشتنی یەزدانی نیتچە تەواو هاوڕایە، بەوەی ئەگەر نیتچە بە دوای مرۆڤی سۆپەرمان بگەڕێت، ئەوا ئارتۆ بەدوای جەستەدا دەگەڕێت، کەهەموو ئەو ترس و پیسیەی لەناو مرۆڤدا هەیە

بیتەقێنێتەوە، ئەوەش دەبێتە هۆی لەدایکبوونی کۆمەڵێك جیاوازی لەناو ئەو شانۆیە کە چیتر مرۆڤ سێنتەر نیە، چونکە ئەو سێنتەرە هەڵدەوەشێنێتەوە و دەیخاتەوە سەر (جەستە/ رۆح) ئەوەش بە سێنتەرکردنی جەستە نیە، چونکە جەستە نایەوێت سێنتەر دابمەزرێنێتەوە، هێندەی لەو جیاوازیەوە هەوڵی نووسینەوە دەدات، ئەوەش هێندەی هەوڵێکە بۆ نووسین و دەرکردنی ووشەی دەنگی هێندە سەرقاڵی بنیاتنانەوەی سێنتەر نیە، چونکە دواجار ئەو هەوڵە دەبێتەوە جیاوازیەکی تر بۆ پەیوەندی نێوان (نووسەر/ ئەکتەر). ئەگەر لەپێشوودا نووسەر سێنتەری بیرکردنەوەی ناو شانۆ بوو ئەوا بە دوای هەڵوەشاندنەوەی ئەو سێنتەرە، ئەکتەر لەڕێگەی جەستەوە دەیەوێت گۆڕان لەخودی مرۆیی بەرپا بکات، بە مانای ئەوەی ئەو کارە تەنها لە پێناو خودی شانۆ نیە هێندەی بەگژ دا چوونەوەی سێنتەری عەقڵیەتی باوی مرۆییە، کە ئەو کارەش دوا جار بۆ ئەو ڕۆژگارەمان بوو بە زەمینەی شانۆیەکی نوێ کە بە شانۆی پاش تازەگەری ناوی دەبەین. بۆچی ئەو شانۆیە بە پاش تازەگەری ناو دەبەین؟ ئایا تازەگەری بێلایەنە لەو شانۆ نوێیە؟ زەمینە و هۆکاری ئەو شانۆیە چیە کە تازەگەری نەیتوانی بەشداریی تیا بکات؟ ئایا بە ڕاست تازەگەری بەو ڕادەیە گوناهبارە کە چەمکی شانۆیی گۆڕیبێتە سەر پڕۆژەیەکی عەقڵانی؟ تازەگەری لە شانۆدا نەك تەنها بەشداری کردووە، بەڵکو گۆڕانی لەناو چەمکی شانۆ بوون کردووە بۆ لە کار خستنی ئەکتەر وەك کائینێکی مرۆیی، بۆ ئەوەی وەکو گۆڕانە تەکنەلۆژی و عەقڵیەکانی تر ئەو دامەزراوە بکات بە دامەزراوەیەکی عەقڵانی بەوەی ئەوەی لە ناو پڕۆژەی گەشە سەندنی تازەگەری نەبوو نەیەتە ناو شانۆ، هەر بۆیە بەشداری پێکردنی ئامێرەکانی دەرەوەی شانۆ لە جۆری سینەما بۆ پتەو کردنی پەیوەندیەکانی شانۆ نەبوو، بەڵکو بۆ خۆ جێکردنەوەی تەکنەلۆژیا بوو لەناو شانۆدا، کە ئەو کارەش نە خزمەتی بە شانۆ دەگەیاند نە بە سینەماش، بەڵکو تەنها بۆ دڵنیابوونی ئەو پڕۆژە تازەگەریە بوو. ئێستا ئێمە لە ڕۆژگارێك داین چیدی ناکرێ دەستە وەسان چی لە دووتوێی کتێبەکان و تیۆرەکان بوو بە ڕاستیان بزانین، چونکە ئیدی بسکاتور و برێخت کە دوو شانۆکاری تازەگەرین ناکرێت نەخرێنە ناو ئەو پڕۆژە ڕەخنەییە، ئەوە بروکە کە بە دژی ئەو تەکنەلۆژیایە دەیەوێ شانۆ زیندوویەتی خۆی ڕابگرێت، بۆیە کاتێ ڕەخنەگرتن لە شانۆی تازەگەری دەبێت بە پڕۆژەیەکی هەنوکەیی شانۆییمان، بە تایبەت بە دوای ئەوەی ڕۆحی شانۆ لە ئارتۆ وە وەك ئاماژەمان بۆ کرد ڕۆحێکی ڕەخنەگرانەیە لە دژی هەوڵی نا شانۆ بوون، ئێستا پێویستمان بە پرسیارە لە شانۆ ڕەخنەییەکەمان: بە دوای پڕۆژەی ڕەخنەگرتن لە تازەگەری لەلایان فەیلەسوفانی وەکو (فۆکۆ، دریدا، لیوتار، بۆدریار، ئیهاب حەسەن، کریستیڤا) کە ئەو فەیلەسوفانە دواتر بە فەیلەسوفانی پاش تازەگەری ناسران، بە تایبەت بە دوای کتێبەکەی لیوتار بە ناو نیشانی "هەڵومەرجی پاش تازەگەری" ئیدی پاش تازەگەری توانی تازەگەری ناو ببات بە پڕۆژەیەکی تەواو بوو، بە تایبەت بە دوای ئەو گۆڕانانەی لە بیناسازی و سینەما و ڕۆمان و فەلسەفە و فیمێنیزمدا هێنایە ئاراوە، بوونی لە شانۆدا نەك هەر بوو بە پێویستی، بەڵکو ڕەخنە گرتن لە شانۆی تازەگەری بابەتێك بوو دەبوو زوو پێشنیار بکرا بوایە بۆ بوونی قۆناغێکی جیاوازی شانۆ، بەڵام دواخرا. بوونی باربا و بروك و گرۆتۆفسکی لەژێر ناوی شانۆی ئەزموونگەری هەوڵێکی بەردەوامی ئەو شانۆیە بوو کە بوونە زەمینەی شانۆی پاش تازەگەری، ئەو شانۆیە بەتاڵ کردنەوەی یادەوەریە لە تەواوی ئەو ڕێسا باوانەی کە بە دوای یەکدا دێن لە نمایشی شانۆیی، هەر لە بوونی یەکەی (شوێن/کات) و بنیاتی گێڕانەوە لەناو ئەو شانۆیە تا دەگات بە بنیاتنانی ڕەگەزە پێکهاتووەکانی تر کە بە بنەماکانی کاری دەرهێنان ناسراون. ئەوەش مانای وایە زمانی ووتراو زمانێکە توانای بەخشینی مانا و چێژی نیە، بەڵکو زمانێکە لە سێنتەری بوونیەوە ڕەخنەی ئاراستە دەکرێت، زمانێکە بە تەواوی هەڵدەوەشێنرێتەوە، نەك تەنها سێنتەری ئەو زمانە دەکەوێتە ناو پڕۆسەی هەڵوەشاندنەوەگەرایی، نەخێر بەڵکو بونیادە پێکهاتووەکانیش دەچنەوە ناو ئەو پڕۆسەیە، زمانی نمایش. زمانی بینین و دیدگایە، نەوەك زمانی ووتراو. تازەگەری کارێکی زۆری بە ووتراو بوو بەوەی هەیمەنە کردن بۆ سەر گوتاری عەقڵانی هەیمەنەیەکی بە زۆر سەپێنراو بوو، کە وای کردبوو دەنگ توانای بینین لە شانۆکار وەرگرێتەوە و ئەو گوتارە نەیەڵێت خود تیایدا ئازاد بێت، ئۆدیب و دکتۆر ستۆکمان و نورا و ئەڤگینیا گریمانەیەکی نووسراوی نووسەر بوو بۆسەر دەرهێنەر و ئەکتەر، گریمانەیەك کە دەبوو لە ژێر ئەو ڕێنوماییە شانۆ بە ئەنجام بگات. هەڵوەشاندنەوەی ئەو گریمانەیە مانای وایە کە (کردار) لەڕێگەی سێنتەری دەقەوە نایەت، بەوەی تەواوی کردارەکان گرێ چنی درامی نووسەر پێکی بێنێت، بەڵکو ئەو سێنتەرە بە تەواوی هەڵدەوەشێتەوە، بە هەڵوەشاندنەوەشی گرێ چنی درامی ڕۆژانی مەشق و ڕاهێنان دەست نیشانی دەکات کە شتێك هەیە بەو ناوە، چونکە دواتر دەشێ جەستە کۆدەکانی خۆی لە دیمەنێکدا بکاتەوە پرسیار، کە کۆدەکان نەبنە

گرێ چــن بۆ دیمەنی دواتر، بە مانــای ئەوەی گرێ چنی درامی مۆنتاژێکە وا بەســتەیە بە یادەوەری وەرگرەوە. ئەوەش مانای وایە کە دەق ڕەگەزێکی سەرەکی نیە، هێندەی وەك هەر ڕەگەزێکی تری شــانۆ مامەڵەی لەتەکــدا دەکرێت، ڕەگەزی ســەرەکی یادەوەری گشتی شانۆکاری ناو مەشقە، بۆیە دەشێ ئەو شانۆیە وا لەنووسەری شانۆیی بکات چیتر دەقی شانۆیی وەك ڕەگەزێکی ئەدەبی نەنووســێت، بەڵکــو وەك ڕەگەزێکی هونەری ســەیری بکات، بە مانای ئەوەی هەوڵی نووســینی دەقــی بینراو بدات، ئەوەش پێشــینار کردنە بۆ جۆرە دەقێك کە هەموو کەســێك توانای نووســینی نابێت، چونکە پێویستی بە پاشــخان و مەعریفەی شــانۆیی و فیکری دەبێت، بە مانای ئەوەی دەبێت کەســێك بێت لە دەرەوەی پڕۆســەی شانۆ بیر لە شانۆ نەکاتەوە، بەڵکو لەناو شانۆ وە بیر بکاتەوە، ئەو کاتە دەبێت دەقەکە بۆ ئەوە نەنووســێت کە لە گۆڤارێکــدا بڵاو بکرێتەوە، هێندەی خەمی نمایش کردنی هەبێت، چونکە دەقی شــانۆیی ئێمە ژمارەیان کەم نیە، بەڵام دەگمەنن ئەو دەقانەی کە توانای زیندەگی و مانەوەیان هەیە و ڕۆحی شانۆ تیایاندا زیندووە، کە دیارتریــن دەقەکانی ئەو بوارەش نووســەرەکانیان شــانۆکارن و توانیویانە لەناو پڕۆســەی نمایش بیر بکەنەوە. ئەوەش مانای وایە ئەو شــانۆیە شانۆیەك نیە شاعیر و نووسەر وچیرۆکنووس بەرهەمی بێنن، بەڵکو شــانۆی خودی شــانۆکارە، کەوایە با پرســیارێکی تر بکەین: ئاخۆ ئەو شانۆیە لای شانۆکاری کورد بە هیچ چەشــنێك کاری بۆ کراوە؟ بۆ ئەوەی بەلارێدا نەڕۆین پێویستە ئاوڕ لەو ئەزمونانە بدەینەوە، کە پڕۆژەی شانۆی پاش تازەگــەری لەناو خۆیــدا هەڵگرتبوو لە ژێر ناوی شــانۆی ئەزمونگــەری، ئەو ئەزمونــە ئەگەر لە ســاتەوەختی خۆیدا نەیتوانــی زەمینە و گوتارێکی ســەربەخۆ بۆ شــانۆی پاش تازەگەری بەرهەم بێنێت، بەڵام توانی زەمینەیەکی زانستی بۆ ئەو شانۆیە درووست بکات کە ئەمرۆ دەبێت هەوڵەکانی ئەو بوارە بەو دەسپێکە ناو بەرین. کە ئەزمونەکانی دواتر توانیویەتی درێژە بەو شــانۆیە بدات، لێرەدا ئەوەی مەبەســتی ئێمەیە ناوبردنی نمایشــەکان نیە هێندەی گرنگی لەوەدایە ئیدی تاکە ستایل و تاکە مۆدێك لە شــانۆی ئێمــەدا نابێتە مۆدی باو، ئیدی ئەو ســەردەمە کۆتایی هات، هەموومان بە یەکــەوە پابەند بین بە ستانسلافســکی یا مایەر هۆڵد یا گرۆتۆفسکی، گرنگیەکی تریشــی لەوەدایە کە ئیتر شانۆکاری کورد بە درەنگ بە ئاگا نایەتەوە، چونکە نەوەیەك هەیە دڵنیایی ئەوەمان پێ ببەخشــێت کە توانای ئەوەی هەیە لەتەك ڕەوتەکەدا بڕوات.

ئەنترۆپۆلۆژیای شانۆ

ئەنترۆپۆلۆژیای شــانۆ بە کەناڵێکی گرنگی شانۆی پاش تازەگــەری دادەنرێت، بە پێی ئەو خاســیەت و تایبەتمەندیەی کە ئەو شــانۆیە لەخۆیدا کۆی دەکاتەوە، هەڵبەت ئەو زانســتە کە لە بنەڕەتدا دەکرێ وا پێناســە بکرێت، زانســتێکە لە بارەی مرۆڤــەوە دەکۆڵێتەوە، ئــەوەش توێژینــەوەی مرۆڤە لە بارەی لایەنی کۆمەڵایەتی و سرووشتی و پەیوەندیە مرۆیەکان، دەشێ کــورت کردنەوەی ئەو زانســتە بۆ پێناســێکی وا خێرا یەکێك بێت لەو هەڵانەی کە بەســەرماندا تێپەڕێــت، گەر بێت و بەو شــێوەیە سەیری بکەین، بەڵام ئێمە مەبەســتمان قسەکردن نیە لەو زانســتە هێندەی تیشك خستنە ســەر ئەو جۆرە زانستەیە لە کاری شــانۆیدا، ئەو زانســتە لە شانۆدا چۆن لە دایك بوو؟ مێژووی لە دایکبونی زەمەنێکی نادیارە؟ یاخود ســەرهەڵدانی بۆ شانۆکارێکی دیاری کراو دەگەڕێتەوە؟ کاتێ دەبینین هەموو ئەو دەرهێنەرە ئەزمونکارانەی بایەخ بە جەســتەی ئەکتەر دەدەن بەرەو گفتوگۆی ئەنترۆپۆلۆژی دەگەڕێنەوە، هۆیەکەی ئەوەیە جەستە بەشداری لەو ڕیتواله مرۆناسیە کردووە، گرۆتۆفسکی و یۆژینــۆ باربا و پیتەر بروك، ســێ ناوی درەوشــاوەی ئەو بوارەن، بەڵام هیچ کام لــەوان دامەزرێنەری نین، بەڵکو ئەوان گەشــەیان بە ئەنترۆپۆلۆژیای شانۆ داوە، سەیر نیە گەر بڵێین چۆن یەکەمین بنەما زانســتیەکانی شانۆی پاش تازەگەری لە مانیفێست و نووسینەکانی ئارتۆ وە هاتە بوون، ئەوا مێژووی لە دایکبونی ئەنترۆپۆلۆژیای شــانۆش یەکەم هەوڵەکانی هەر بۆ ئەزمونەکانی شــانۆی توند و تیژی ئارتۆ دەگەڕێتەوە، کاتێ بایەخی تایبەتی بە سرووت دەدا، بە تایبەت سرووتی کۆمەڵگا خۆر هەڵاتیەکان، گەر چی لای ئارتۆ مەسەلەی سۆسیۆلۆژیا (کۆمەڵناسی ) بەو شــێوەیەی ئەنترۆپۆلۆژیا لە شانۆکەی دەر نەکــەوت، بەڵام چەمکی کولتور لای ئەو فەرامۆش نەدەکرا و بایەخــی تایبەتی پێدەدرا، گەر چی کولتور لە پێناو ســرووتدا بەکار دەخرایەوە، واتە بۆ بنیاتنانی ڕەهەندە ئەنترۆپۆلۆژیەکەی بوو، نەك سۆســیۆلۆژیەکەی، چونکە ئەو کۆمەڵێك بۆچوونی تایبەتــی لە بارەی کولتــورەوە هەبوو، کە تا ڕادەیەك لە ڕووی سۆســیۆلۆژیەوە بۆچونی قبــووڵ کراوە، بــەڵام ئەو کاتەی دەیهێنێتــە ناو شــانۆ بە ئاقارێکی تریدا دەبــات و بەرەو یەکە یەکی هارمۆنی تیۆریزەی دەکات، بۆیە لە نێوان شانۆ و کولتور پێی وایە بیرۆکەی ســێنتراڵ خاڵێکی مــردووە، کاتێ کولتور بیەوێ خۆی بســەپێنێ ئەو سەپاندنەکە بە خاڵێکی مردوو ناو دەبات. بە بیرۆکەیەکی میتافیزیکی سەیری دەکات کە دەکرێ

تا ئێرە گرفتێك نەبێت، هێندەی دەبێت بزانین ئەو چۆن سەیری کولتور دەکات و تاچەند کولتور لەناو ئەنترۆپۆلۆژیا ڕەهەندە سۆسیۆلۆژیەکەی لە دەست دەدات؟ بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە وا باشترە قسەیەکی خۆی وەربگرین کە دەڵێت" بەبێ میتافیزیکیا کولتور بوونی نیە"(١٤) کاتێ ئەو میتافیزیکیا لە شانۆکەی دەکاتە دەرەوە، دەبێت بپرسین: شوێنگەی کولتور لەو شانۆیەدا چیە؟ دیارە ناکرێ دەرکردنی میتافیزیکیا بە دەرکردنی شانۆ ناو بەرین، بەڵام دەکرێ بە شێوەیەکی تر بدوێین و بڵێین کولتور وەك بونیادێك دێتەوە، بەڵام بونیادێکی سۆسیۆلۆژی نیە، بۆ ئەوەی وەك ئەنترۆپۆلۆژیا شانۆکەی توێژینەوە بێت، بەڵام دەبێت ئەوەمان بیر نەچێت سەرباری هەموو ڕەخنەکانی لەو بارەیەوە، ئەو دەسبەرداری کولتور نابێت تا دەگاتە ئەوەی وەکو شانۆی ڕاستەقینە ناوی دەبات کە هەرگیز نووسراو نیە، بە مانای ئەوەی کولتور وەك شانۆ وایە شتێکی ئامادە و نووسراو نیە، بەڵکو دەبێت بەرهەم بهێنرێتەوە و لە نووسینەوەی هەمیشەیدا بێت، ئەوەش وا دەکات لەڕێگەی "دوانەی سرووشت و کولتور لێرەدا ئامادە بێت، بۆ وێناکردنێکی ئەنترۆپۆلۆژی تەواو، وەك چۆن ملکە چی بوون بۆ وێناکردن لە وێنەی بنەڕەتی کە شتراوس بە کۆمەڵگا ڕەسەنەکان ناوی دەبرد"(١٥). ئەنترۆپۆلۆژیای شانۆ دوای ئەوەی سرووتی لەناو شانۆ تەوزیف کرد، توانی بەشداری لە کەمکردنە و نەهێشتنی ئاخاوتن بکات، بەوەی ئەکتەر لە بڕی دەیالۆگ لەڕێگەی جەستە و سەماوە سرووتێکی شانۆیی نمایش دەکرد، ئەو سرووتە بۆ ئارتۆ پاکبونەوەی هەریەکە لە ئەکتەر و بینەر بوو، تەقینەوەی تاعونێك بوو، ئەو پڕۆسەی تەقینەوەیە کوشتنی زمان نەبوو، بەڵکو داڕشتنەوەی زمان بوو لە ڕووبەرێکی تردا، سەندنەوەی زمان بوو لە دەم و تەوزیف کردنەوەی بوو لەسەر جەستە، ئەوەش مانای وایە ئەنترۆپۆلۆژیای شانۆ بە تەنیا جەختکردنەوە نیە لەسەر سرووت، بەڵکو لەڕێگەی نمایشەوە هەوڵ دەدات لە ڕەهەندە سرووشتی و کۆمەڵایەتی و ئاینی مرۆڤەکان بکۆڵێتەوە، لەڕێگەی پەیوەندی هاوبەشی مرۆڤەکان بە یەکتریەوە، پەیوەندی مرۆڤەکان بە ئاینەوە ڕەهەندێکی دیاری ئەو شانۆییە، کە هەوڵ دەدات خاسیەتەکانی جیاوازیمان پێ ببەخشێت لەوەی ئێمە بەر لەو زانستە چۆن خەریکی شانۆ بووین، بەوەی گەر ئاخاوتن نەیهێشتووە جەستە مانایەك بە بوونی ببەخشرێت، بەڵام ئەنترۆپۆلۆژیای شانۆ مانا بە بوونی جەستە دەبەخشێت، چونکە پێشتر جەستە تەنها لە خزمەتی دەیالۆگ و ئاخاوتن بوو، ئەو خاوەنی ڕەهەندی ئیستاتیکا



نەبوو، ئەوە ئاخاوتن بوو نوێنەرایەتی ڕەهەندە ئیستاتیکاکەی دەکرد، ئیستاتیکای ووشە هەبوو. ئیستاتیکای جەستە بەبێ ووشە شتێك نەبوو، بۆیە ئەوە دەقی ئەدەبی بوو شانۆی بەرز دەکردەوە نەك هونەری شانۆ، ئەو کاتانەی وەزیفەی جەستە فەرامۆش دەکرێت، مانای وایە گوتارێکی ناشانۆیی گرنگترە لە جەستە، ئەو گوتارە ئاینی یا ئایدیۆلۆژی یا کۆمەڵایەتیە، بەڵام ئەنترۆپۆلۆژیای شانۆ دێت بۆ ئەوەی لەڕێگەی سرووت و پەیوەندی نێوان جەستەکان، بوون بەو جەستەیە ببەخشێتەوە، بوونێك لەڕێگەی قسە کردنەوە پارچە پارچە کرا بوو، جەستە بەردەوام قوربانی دەبەخشیە دەنگ، ئەوە زمان نەبوو خاوەنی دەسەڵات بوو، بەڵکو بونیادێکی تاکی زمان بوو کە ئاخاوتنە، دەنا لە جەوهەردا پڕۆژەی کوشتنی زمان بوو لەڕێگەی بە قوربانی کردنی جەستە(١٦) کاتێ ئەنترۆپۆلۆژیا لە شانۆدا بەو شێوەیە پێگەکانی خۆی قەیم دەکات، دەبینین پەیوەندی نێوان شانۆ و زانست دەبێ بە پەیوەندیەکی دیالەکتیکی، کە دەرگا بۆ پەیوەندی تریش دەکاتەوە، چونکە ئەنترۆپۆلۆژیا لە سنوری خۆیەوە لەو هونەرە کاری دەکرد، چەمکی کولتور چەمکێك بوو ئەنترۆپۆلۆژیا تا ئەو شوێنە بە کاری دەهێنا کە لەخزمەتی زانستەکەی خۆیدا بوو، نەوەك لە پێناو زانستێکی تردا، بە تەنها لەڕێگەی فراوان کردنی پەیوەندی شانۆ بە زانستەکانەوە دەکرا ئەو پەیوەندیە چارەسەر بکرێت، بۆیە بوونی سۆسیۆلۆژیای شانۆ قۆناغێکی شانۆیی بوو، جیاوازی بنەڕەتی سۆسیۆلۆژیای شانۆ لەگەڵ ئەنترۆپۆلۆژیای شانۆ لە ڕووی پەیوەندی نێوان مرۆڤ و کۆمەڵگا چارەسەر دەکرێت، کە یەکەمیان بایەخی تایبەتی بە سرووتە، ئەویتریشیان زیاتر جەخت کردنەوەیە لەسەر پەیوەندی گروپە کۆمەڵایەتیەکان و ئامادەبوونی جەستە وەك

کولتور و کولتوریش وەك جەستەیەك و بوونی گوتارێکی جیاواز کە گوتاری شوناسە، بەوەی ئەو گوتارە لەناو جەستەدا چۆن مانایتر وەردەگرێت، بە شێوەی جیاواز لەوەی هەبوو دەر دەکەوێتەوە، چونکە ئەو شوناسە لەڕێگەی پەیوەندی جەستە بە گروپە جیاوازەکانی کۆمەڵگا وە لەپاڵ زانستەکانی تر دەبێت بە بەرزکردنەوەی شانۆی پاش تازەگەری، تاوەکو تێگەیشتن لەو ئەزمونەش پابەند بێت بە کۆکردنەوە لەناو زانست و تێزێکی زمانەوانی و فەلسەفی کە ئەویش سیمیۆلۆژیایە.

**سۆسیۆلۆژیای شانۆ**

سۆسیۆلۆژیای شانۆ گەڕان نیە بە دوای بەخشینی شوناسێکی کۆمەڵناسیانە بە شانۆی نەتەوە، بەڵکو ئەو سۆسیۆلۆژیایە دەیەوێ ڕەهەندێکی کۆمەڵناسیانە ببەخشێتە جەستەی ئەکتەر، بەوەی جەستە تەنها وەزیفەی گەیاندنی بیرۆکە و فیکرێك نیە، بەڵکو جەستەی مرۆیی کە لە تەوەری پێشوومان جێگای بایەخ بوو، ئەوا لێرەدا جەستەی هەمووان دەبن بەو گروپە کۆمەڵایەتیەی کە کۆمەڵێك خاڵی هاوبەش کۆیان دەکاتەوە، ئەو تێگەیشتنەش بۆ جەستە تێڕوانینێکی سۆسیۆلۆژیانەیە، بەوەی دەتوانین بۆ ناسینێکی سادە بۆ کۆمەڵگا بڵێین"وشەی کۆمەڵگا بەزۆری بۆ ناونانی گروپێکی تایبەتی خەڵك بەکار دەهێنرێت، کە کۆبۆنەوە کەیان کەم تا زۆر بەردەوام و جێگیرە، و شوێنێکی دیاریکراویان داگیر کردووە"(١٧) دەتوانین بەو شێوە پەیوەندیەی جەستە بڵێین کە ئەوان پێکهاتەی کۆمەڵگایەکن، بەڵام بوونی کۆمەڵگایەك لە پانتایی شانۆدا شتێکی ئەوتۆ بە ئێمە نابەخشێت، گەر نەزانین کۆمەڵناسی لە شانۆدا چی لە کۆمەڵگا دەوێت، ئەو تیۆرە چیە ئەو زانستە لە کۆمەڵگا خوازیارە؟ ئەی ئەو گەشەسەندن و تێپەڕاندنە چیە کە ئەو زانستە بە شانۆی دەبەخشێت؟ بۆ ئەوەی وەڵامی ئەو جۆرە پرسیارانە بدەینەوە دەبێت پرسیاری ئەوە بکەین: کۆمەڵناسی خۆی چیە؟ ئێمە لێرەدا پێویستمان بەو هەموو پێناسە جیاوازە نیە کە سۆسیۆلۆژیستەکان دەیخەنە ڕوو، بەڵکو ئەوەی بەلامانەوە مەبەست بێت، ئەو تێگەیشتنە بەراییە کە بۆ شانۆ دەکرێ سوودمەند بێت، بۆیە ئێمە پشت دەبەستین بە کورترین پێناس کە بۆ وەڵام بە پرسیارەکەمان پێمان دەڵێت "کۆمەڵناسی بریتیە لە ڕۆشنگەری لە پانتایی ئەزمونی مرۆییدا"(١٨) چونکە ئەو دەستەواژەیە پێمان دەڵێت کە ئەو زانستە کەشفی ئەزمونی مرۆڤەکانمان بۆ دەکات، ئێمەش هەر ئەوەمان لە ئەزمونی شانۆیی دەوێت، دەمانەوێت هەر ڕێگایەك بەرەو ئاشکراکردنی نادیارەکانمان بەرێت ئامێزی بۆ بکەینەوە، ئامێزکردنەوەی ئێمە بۆ ئەو زانستە بەمانای ڕەوتێکی ڕۆشنگەرانە دێت، بۆ دۆزینەوەی دەلالەتە نەنوسراوو نەخوێنراوەکانی جەستەی ئەکتەر و پانتایی شانۆیە، چۆن ئەو دوانە لەڕێگەی ئەزمون و مەشقدا بەشێوەیەکی تر ژیان دەخوێننەوە؟ چونکە ئێمە نامانەوێ لەو شانۆیەدا بە دژی ژیان و واقیع بوەستینەوە، بەڵکو ئەوە هەڵە تێگەیشتنێکە لە کارەکان، دەنا لە جەوهەردا مەبەستمان وێنا کردنەوەیەکی تری ژیانە، مانا بەخشینەوەیە بە واقیع، بەبێ ئەوەی بینراوو ڕووداوەکان بگەڕێنینەوە ناو شانۆ، بەڵکو نهێنیە شاراوەکانی لەڕێگەی سیستمی چەپێنراو و حەرام دەشاردرێنەوە، گومان لە شاردنەوە و پرسیار لە ماناکانی حەرام دەکەینەوە، بۆ ئەوەی کەشفی ئەزمونی مرۆڤەکان لە کۆمەڵگادا بکەین، ئەوەش لەڕێگەی جەستەوە بەرهەم دێت، چونکە جەستە هەڵگری ئەو کولتورەی کۆمەڵگایە، ئەو کولتورەی دواجار شوناسێکی زەبر و زەنگ بە جەستەی مرۆڤەکانی کۆمەڵگا بەخشیوە. ئەو کاتەی باسی جەستە دەکەین، قسەمان لە جەستەی شانۆکاری خۆر ئاوایی نیە، کە جەستەی ئەو هەڵدەستێ بە نواندنێك کە گوزارشت لە ئەزمونی ژیانی خودیی خۆی ناکات، بەڵکو جەستەی ئەو بەشداریی لە سرووتی گروپێکی کۆمەڵایەتی دەکات، هەر چی ئەو جەستەیەی ئێمە بە لامانەوە گرنگە جەستەی کوردیە، جەستەیەکە هەڵگری کولتوری زەبر و زەنگ و حەرامە، جەستەیەکە ئازادیەکانی لێ زەوت کراوە، بۆیە ئەو بەشداری لە نواندن ناکات، بەڵکو ئەو کاتانە لەڕێگەی جەستەوە نەستی بەشداری لە نووسینەوەی حەرامەکانی دەکات، کولتور بونیادێکە بەشداری لە بنیاتنانی شوناس دەکات بۆ دامەزراندنی گوتار. پەیوەندی نێوان کولتور و جەستە پەیوەندی نووسینەوەی ماناکانی سەرکوت کردنە، بەو مانایەی کە جەستە هەڵگری ئەو کولتورەیە کە کۆمەڵگا هەڵگریەتی، ئەوەش پێچەوانەی ووتەکەی شانۆکاری یابانی (تاداشی سۆزۆکی) ە کە بڕوای وایە "کولتور جەستەیە"(١٩) بەدژ کردنەوەی ئەو ووتەیە بەرەنجامی ئەو دۆخە کۆمەڵایەتیەی کۆمەڵگای کوردیە، کە ئێمە کاری شانۆیی تیادا ئەنجام دەدەین، چونکە دەشێ بۆ شانۆی یابانی ئەو ووتەیە ڕاست بێت، هۆیەکەشی لە بەرایدا هۆیەکی کولتوریە، کە ئەوان بەرەنجامی شانۆی نو و کابۆکیە، بەڵام ئەوەی پەیوەندی بە بزووتنەوەی شانۆیی ئێمەوە هەبێت،

زیاتر لەسەر تێگەیشتنی مانا ئەخلاقیەکانی کولتوری کوردیە بۆ جەستە لە لایەك و لە لایەکی تریش ئامادە نەبوون و فەرامۆش کردنی جەستەیە لە نمایشی شانۆیدا. کولتوری کوردی هەرگیز هەڵگری جەستەی گروپە کۆمەڵایەتیەکان نیە، بەڵکو ئەو کولتورە هەڵگری بیرکردنەوە عەقڵانیەکانیەتی، ئەوەش بەو مانایەی کە "کولتور جەستە نیە" بەڵام: ئایا جەستە کولتورە؟ بە چ مانایەك کولتورە؟ جەستە کولتورە، چونکە هەموو دیسپلین و سەرکوتکردن و حەرامکردنێکی ڕێسا کۆمەڵایەتیەکان بەسەر جەستە دەسەپێت، بەڵام با ئەوەشمان بیر نەچێت، لە پەیوەندی رووکەشدا چۆن دەڵێین "جەستە کولتورە" ئاواش دەتوانین بڵێین "کولتور جەستەیە" بەڵام ئیشکالیەت لە قووڵ بوونەوەی ناو کاری شانۆییە، بە مانای لە ڕووی کۆمەڵناسیەوە تا ڕادەیەکی زۆر شیاوە بڵێین ئاڵ و گۆڕکردن و یاریکردن بە شوێنی ووشەکان گۆڕانێکی ئەوتۆ درووست ناکات، بەڵام بۆ سۆسیۆلۆژیای شانۆ و ئەو پانتاییەی کە ئێمە کاری شانۆیی تیا ئەنجام دەدەین، هەر جۆرە ئاڵوگۆڕ کردنێك بە تەنیا گەمەکردن نیە بە چەمکەکان، بەڵکو گەمەکردنە بە شوناسەوە، چونکە لەو نێوەندە ئێمە لە بەردەم پەیوەندی جەستەین، بە کولتور و شوناس.

**فێمێنیزم و شانۆ**

فێمێنیزم گەرچی زیاتر لەناو فەلسەفەی مارکسیزمەوە هاتە بوون بۆ ئازاد بوونی ژنان، بەڵام ئەو فێمێنیزمەی ئێمە لێرەدا مەبەستمانە فێمێنیزمێکی زمانەوانیە، کە خۆیان بە فێمێنیزمی پاش تازەگەری سەیر دەکەن، ئەوەش بەرەنجامی تیۆری سایکۆلۆژیە لە ڕێگەی خوێندنەوەکانی جاك لاکان بۆ فرۆید و چەمکی هەڵوەشاندنەوەی سێنتەر لای دریدا هاتنە بوون، دیارترین ناوەکانیشیان (جۆلیا کریستیڤا، هێلین سیکسۆس، لۆرا کیپنز) ئەو کاتانەی دەبینین فێمێنیزم بەشێکە لەناو پاش تازەگەری، مانای وایە دەتوانێت بەشێك بێت لەناو شانۆکەشی، بەڵام نەك فێمێنیستێك لەڕێگەی دەیالۆگەوە، بەڵکو لەڕێگەی جەستەی سەرکوتکراوی ژنەوە دەست پێبکات، بە واتایەکی تر ئەو فێمێنیزمە بەشێك بێتەوە لەناو ئەو گوتارە شانۆیانە، بۆ ئەوەش دەبێ پرۆژەی نمایش و پرۆژەی فیکری فێمێنیزم ئاوێتەی یەکتری بکرێن، هەڵوەشاندنەوەی سێنتەری دەق و ڕێکخستنەوەی پەیوەندیە دەلالیەکانی کارەکتەر بەشێك بێت لەناو کردەی دەرهێنان، مەبەستیش لەو کردەیە هەڵوەشاندنەوەی سێنتەری ئەو دەقانەیە، کە کارەکتەری ژن لەجۆری (لیدی ماکبێس، ئەنتیگۆنا، نورا) نوقمی ناو فەزای دەیالۆگی ئەدەبی بوونە، سەر لە نوێ هەست و سۆز و هەڵچوونی ئەو کارەکتەرانە دابرێژرێتەوە، بە مانای (سۆفۆکلیس و شکسپیر و ئەپسن) بە ستایلێکی ترەوە بخوێندرێنەوە، کە ببنەوە بەرهەم هێنەرەوەی دەق بۆ نمایش، یاخود (ماڵی بەرنادا ئەلبا) ی لۆرکا وەك گوتارێکی فێمێنیستانە دابرێژینەوە، کە سیماکانی کێشەی ژن لەڕێگەی جەستە و ئاماژەکانیەوە دەربخەینەوە، کە نامۆ نەبێت بە زەمەنی ئێمە، بەڵکو بەر لەهەر شتێ جەستە دەبێ دەق بێنێتە ناو ئەو زەمەنەوە، لە زەمەنێکی کۆن ڕزگاری بکات، کاری ئەو ڕزگارکردنی دەنگی ئەو تارماییانەیە کە لە ڕابردوودا لە مەملەکەتی نوسەر مردوون، ئەو لە بەرامبەر ڕۆحی ئەواندا جارێکیتر دەیانهێنێتە پانتایی زیندەگیەوە. ئەوەش هەوڵدان نیە بۆ دامەزراندنی شانۆیەکی فێمێنیستی، بەڵکو ڕەهەندێکی تری ناو شانۆی پاش تازەگەریە، هەر وەکو سۆسیۆلۆژیا و ئەنترۆپۆلۆژیا، گەر وا نەبێ ئەوا (شانۆی فێمێنیستی) (٢٠) شانۆیەکە دەیالۆگی نەکردۆتە دەرەوە و نوسەر و دەرهێنەرەکانیشی لەسەرانسەری جیهاندا ناوی دیارن، توانیویانە بەشداریەکی چالاك لە شانۆدا بکەن، ئەگەر شانۆی فێمێنیستی لە کارەکانیاندا جەخت لەسەر یەکسانی بوونی ڕەگەزی و ئابوری ئازاد و هەڕەشەی سێکسی و توندوتیژی جەستەیی بکەنەوە، ئەوا ئێمە لە بوونی گوتارێکی فێمێنیستیانە لە شانۆدا مەبەستمان تەواو جیاوازە، جیاوازیەکەش لەوەدا نیە ئەو بنەمایانە بەهەند وەر ناگرین، هێندەی ئەو بنەمایانە دەبەینە ئاستێکی پێشکەوتووترەوە لە ڕووی فیکریەوە، لەو ڕێگەیەوەش دەبێ جەستە پرسیاری فەلسەفی ئاراستەی ئەو واقیعە بکات، گومان کردن لەو دیدگایەی بۆ ژیان ئامادەیی هەیە بەهەند وەردەگیرێت، چونکە دەبێت فێمێنیزم لە شانۆی پاش تازەگەری ڕەوتێکی جیاواز بێت لە شانۆی تازەگەری، وەك چۆن تازەگەری فەلسەفی فێمێنیزمی خۆی هەبوو، کاتێ فێمێنیزمی زمانەوانی ویستی فێمێنیزمێکی جیاواز بێنێتە دی لەڕێگەی ڕەخنەگرتن لە پرۆژەی تازەگەری. ئەو پەیوەندیەی دەکەوێتە نێوان شانۆ و زانستەکان لەناویشیاندا تیۆر ئەوا پەیوەندیەکە چەندە لەسەر بنەمای ئەنترۆپۆلۆژی و سۆسیۆلۆژی وەستا بێت، پەیوەستە بە زانستێکی ترەوە کە سیمیۆلۆژیایە، ئێمە لێرەدا پێویستمان بەمێژووی ئەو زانستە و پەیدابوونی لە شانۆدا نیە، هێندەی دەمانەوێ ڕۆڵی ئەو زانستە لەو پرۆژەیە دەربخەین، چونکە گوتاری ڕەخنەی شانۆیی پێویستیەکی زۆری بەو زانستە هەیە بۆ ئەوەی بتوانێ بەشداری لەخوێندنەوەی کۆد و دەلالەتی

جەستەی ئەکتەر بکات، چونکە ئەو زانستە دەبێتەوە ڕێکخەری زمان و مانا، وێنە بینراوەکانی زمان لەناو سیمیۆلۆژیادا ڕێك دەخاتەوە، پڕۆسەی ڕێکخستنەوەش لەدایکبونی مانایە، بۆیە ئەوە کۆمەڵناسی نیە لەشانۆدا مانامان پێ دەبەخشێت، بەڵکو ئەوان لە کاری شانۆیی بیر لە خولْقاندنەوەی مانا ناکەنەوە، هێندەی بەرەو لای پەیوەندی زانست و شانۆ دەچن، پەیوەندیەکی کراوە بۆ وەرگر بەجێ دێلن، ئەوەش بەشداری کردنی وەرگرە لە سرووتی شانۆیی، وەك لە ئەنترۆپۆلۆژیای شانۆدا چەمکی سرووت دەبێ بە کەناڵی بەشداری کردنی (ئەکتەر/ وەرگر) بەڵام ئەو کەناڵە بەشداریکردنێکی هاوبەشە بۆ (سرووت) ە کە. نەوەك مانا، بۆیە ئەوە سیمیۆلۆژیایە دێت مانا بە زمان و پەیوەندیە دەلالیەکان دەبەخشێت، بەڵکو ئەو زانستە بەشداری لە بارگاویکردنی زانست و تیۆرەکانی تریش دەکات، بە تایبەت لە پەیوەندی نێوان شانۆ و فێمێنیزم. ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ووتەکەی (کۆزان) کە لەبارەی پەیوەندی ئاماژە بە شانۆوە دەڵێت "نمایش ئاماژە سرووشتیەکان دەگۆڕێ بۆ ئاماژەی درووستکراو" (٢١) بەواتای یەکێك لەگرنگیەکان ئەوەیە گۆڕینی ئاماژە سرووشتیەکانە بۆ ئاماژەی دروستکراو، کە ئەوەش نمایش لەڕێگەی گۆڕینی دەلالەتەکانی ئاماژەوە بەرهەمی دێنێت، هەرچەندە هەموو شتێك لەسەر شانۆ ئاماژەی خۆی هەبێت، دەبێ ئەو ئاماژانە ببردرێنە ئاستی جیاواز و خوێندنەوەی فرە دەلالەتیەوە، ئەوەش کاری سیمیۆلۆژیا نیە، گەر دەرهێنەری شانۆیی نەتوانێ ئەو فرە دەلالەتیە لەشانۆدا دروست بکات، چونکە بەدوای بوونی فرە دەلالەتی و گۆڕینی ئاماژە ئەوسا پڕۆسەی خوێندنەوەی سیمیۆلۆژی لەدایك دەبێت.

## ئامادەبوونی جەستە لەپڕۆژەی نمایشی کوردیدا

ئامادەبوونی جەستە وەك پڕۆژەیەکی شانۆیی تا چەند لە نمایشە شانۆیەکانمان بوونی هەبووە؟ جێگەی ئەوپەڕی داخ و نیگەرانیە کە سەرچاوەیەکی مێژوویمان نیە ئاماژە بۆ سەرەتاکانی ئەو پڕۆژەیە بکەن، هێندەی هەیە ئەو ووتارە ڕۆژنامەوانیانەن کە باس لە کۆمەڵێك دیمەنی سادە دەکەن لەڕێگەی جولەوە گوزارشتی لێ کراوە تا دواتر چەند هونەرمەندێك وەك کاری بانتۆمایم چەندین شانۆگەریان پێشکەش کردووە، لەوانە هونەرمەندان (میدیا رەئوف، حوسێن میسری، فەرهاد شەریف، جەلال خان) لەوانەیە هونەرمەندی تریش هەبێت و ئێمە ئاگامان لەکارەکانیان نەبوو بێت و یا سەرچاوەکان بەو شێوەیە ئاماژەیان بۆ نەکردبێت، بەڵام لەگەڵ کارکردنی ئەو هونەرمەندانە، بەڵام ئەو بەرهەمانە نە ئاوڕێکی ئەوتۆیان لەڕووی ڕەخنەوە لێ دراوەتەوە، وە نە سەرچاوەیەکمان لەبەر دەستدایە پێمان بڵێت لەو ڕێگەیەوە توانیانە شانۆ بەرەو زمان و گوتارێکی جیاواز بەرن، تا هاتنی هونەرمەندان شەمال عومەر و هاوڕێکانی لە تیپیی شانۆی ئەزمونگەری کوردی، ئەو تیپە چۆن سەیری جەستەی دەکرد؟ دیارە قسەکردن لەسەر ئەو تیپە ئاسانترە لە قۆناغەکانی تر، بەهۆی ئەوەی سەرچاوەی جیاوازمان لەبەردەستدایە، چ ئەوانەی خۆیان ئەندامی ئەو تیپە بوونە، وە یا ئەوانەی کارەکانیان رەت کردونەتەوە، ئەگەرچی پێویستمان بەوە نیە ئەو ووتارانە بەسەرچاوە وەربگرین، کەهەمیشە وەك لەدوای ڕاپەریندا بینیومانە، چۆن لەژێر ناوی ڕەخنە هەموو هەوڵێکیان بۆ دژایەتی کردنی ڕۆحی ئیستاتیکی بووە، هێندەی دەمانەوێ تێگەیشتنێکمان هەبێت بۆ ئامادەبوونی جەستە لە پڕۆژەکانی ئەو تیپە. لە شانۆگەری (غۆریللا) ی شەمال عومەر جەستەی ئەکتەر لەپڕۆژەیەکی جیاوازدا سەیر دەکرێتەوە، پڕۆژەیەك جەستە تیایدا دەبێ بە ڕەهەندێکی دەلالی نمایش "جەستەی ئەکتەر بەرجەستەی ئەو ڕەنگە جوانانەی جیهانی فەلسەفە و ووشەکان دەکات و گۆڕان بەسەر هەموو شتەکاندا دەهێنێ، هەر ئەکتەرە دیدی هونەریی بەرز وڕەنگینی ڕیژیسۆر لە بازنەی تەکنیك و پراکتیکە کردەییەکەوە کۆشکی بڵندی شانۆییەکە دەخولْقێنێ" (٢٢) دواتر لەپڕۆژەکانی تری ئەو گروپە ئەزمونکاریەی شانۆوە جەستە لەو چوارچێوە داگیرکاریەی ووشە بەتەواویی ڕزگار دەکرێت، تاوەکو لەسەرەتای ڕاپەرینی نەوەت و یەك هونەرمەند (ڕزگار ئەمین) لەشانۆگەری (مارا-صاد) ی پیتەر ڤایس هەوڵیدا پەیوەندی نێوان جەستە و بۆشایی لەپانتایەکی کراوەدا بخاتە نێو پرسیاری جیاواز لەبارەی شۆڕش و دەسەڵاتەوە، هەموو ئەوانەش بونە زەمینەیەکی پتەو بۆئەوەی بتوانین ئەزمونێکی سەربەخۆ لەبارەی جەستەوە بەرهەم بێنین، ئەوە بوو سەرەتا بەشانۆگەری (لەماڵێکدا) **٢٣** دەستمان پێکرد. ئەم نمایشە لەڕێگەی چوار ئەکتەری جل و بەرگ ڕەش و لەپانتاییەکی ڕەشدا و بە جولەی سلۆمۆشن لەژێر تیڕوانینی شانۆی ڕەشی چیکسلۆفاکیەوە یەکەم زەنگی خۆی لێدا، ئەو سەرەتایەش بە ووتەیەکی (قوبادی جەلی زادە) ی شاعیر دەستی پێکرد، کە لەبارەی ئەو نمایشە و ڤیستڤاڵە شانۆیەکە ووتی "بەداخەوە ئەم ڤیستڤاڵەش نەیتوانی

شانۆ نەخۆشەکەی هەولێر لەژووری ئینعاش بهێنێتە دەرێ، مەگەر تەنیا نیهاد جامی توانیبێتی ئەو نەخۆشە لەحالەتی غیبوبە بگوێزێتەوە بۆ حالەتی بەهۆش هاتنەوە"(٢٤) دوای دوو ساڵ شانۆگەری (ئەفسانەی ڕێگای هات ونەهات)(٢٥) مان نمایش کرد، ئەم تێکستەی دانا رەئووف، بۆ ئێمە بوو بەپڕۆژەی دووەم، ئەو پڕۆژەیە لەڕۆژانی مەشقدا هەوڵی دەدا بچێتە ئەو دیو کیمیای ووشەوە، لەو ڕێگەیەوەش جەستە ڕۆحی شیعریەتی وەدەست دەهێنا، لە بارەی ئەو نمایشەوە (ڕێبین رەسول ئیسماعیل) بۆچونی وایە ئەم شانۆگەریە لە بەیاننامە شانۆیەکانی شانۆی وێنەیی نزیك بۆتەوە، ئەوە لەپاڵ بەراوورد کردنی ئەو گۆڕانانەی کە بەسەر دەقەکەدا هاتووە، ڕێبین ئەو نمایشە بە بەرهەمی شانۆی تازەگەری ناو دەبات، خاڵێکی تر مەسەلەی خەونە کە لەناو ئەو نوسینەدا ئاشکرا دەکرێت، ڕەخنەگر دەنوسێت "مەسەلەیەك هەیە کەم کەس درکی پێ کردبوو ئەویش ئەوە بوو لەگەڵ دەست پێکردنی نمایشەکەدا تاوەکو سەرکەوتنی کوڕەکە بەسەر پێ پلیکانەکەدا لە دوای کوشتنی باوکدا خەون بوو، بەڵێ خەون بوو لەناو نمایشەکەدا، واتا خەونی کوڕ بوو بۆ لەناو بردنی دەسەڵاتی باوك" (٢٦) (کاسترۆ مەجید) یش هەروەك ڕێبین رەسول، بڕوای بەوە هەیە کە ئەو نمایشە لە تێڕوانینی شێوەکاری شانۆی وێنەیی نزیك بۆتەوە، بەڵام ئەو دەڵێت "ئەوەی دوو دڵمان دەکات لەوەی بتوانین ناو لەم نمایشە بنێین (شانۆی وێنەیی) زۆری و چڕی و دوا بەدوای یەك هاتنی سەمایەکان بوو"(٢٧) ئەو ڕەخنەکانی دەباتە ئەو ئاستە کە پێی وایە خەوشێك لەسەر موفرەدەی شانۆگەریەکە هەیە کە دەبوو دەلالەتی تر وەدەست بێنێت، بۆیە دەنوسێت"دەرهێنەر دەبوو لەگەڵ کوشتنی باوك سێگۆشەکەی دواوەی شانۆ نەهێلێ و بیروخێنێ، چونکە هێشتنەوەی ئەو هێمایە لەسەر شانۆ، جۆرە (دژ یەکیەك) ی لەگەڵ ناوەرۆکی کارەکەیدا دروست کرد"(٢٨) هەرچی ڕەخنەگر (سەباح هورمز) ە ڕەخنەی توند ئاراستەی نمایشەکە دەکات، بڕوای وایە کە ئەو بەرهەمە بانتۆمایم نیە، بەڵکو بۆچونی کەسی و تایبەتی دەرهێنەرە بۆ بەڵگەش کارەکانی مارسیل مارسۆ وەك نمونە دەهێنێتەوە، ئەوە جگە لە ڕەخنەگرتنی لە ڕوئیای دەرهێنانی ئەو شانۆگەریە لە ڕووی دابەش کردنی هۆڵ بۆ دوو جۆر بینەر، کە دوو دیدگای جیاوازی بۆ بینین درووست کردووە، ئەویش وەك ئەوانی پێشوو ئاماژە بە سەماکان دەدات و پێی وایە بوونی سەما وایکردووە کارەکە زیاتر لە هونەری بالێ نزیك بێت نەك لە بانتۆمایم، دەڵێت "سەرباری ئەو کەم و کورتیانەش کە نمایشەکە تێی کەوتبوو، دەرهێنەر توانیبوی وێنە بۆ هەندێ جولەی ئیمائی جوان بکێشێت، بەتایبەت ئەوەی بیرمان مابێت تێپەڕینی کچەکە کە ڕەمزی کوردستان بوو، لەژێر لاوەکە بەشێوەی خشینی لەسەر چوار پەل بە شێوەی خێرا و تێپەڕ، وە دیمەنی کۆتایی کە بەخشینی مار کۆتایی هات، لە کۆتایی شانۆ بۆ پێشەوە، ئەو دوو جولەیە سەرەڕای ئەوەی بە جوانکاری ناوم برد، خاڵی نەبوو لەدەلالەتی سیاسی بەهێز" (٢٩) هەڵبەت هەر ڕەخنەگرێك بە تایبەت لەم جۆرە نمایشانە ئازادە لەوەی چۆن تەئویل دەکات و چۆن لەسەر ئەو مەعریفەیەی کە ئەو خاوەنیەتی قسە دەکات، ئێمە هێندەی پێویستمان بە گۆڕینەوەی تێڕوانینەکانە بەهیچ شێوەیەك پێویستمان بەوە نیە لە بۆچونەکاندا لەگەڵ یەکدا تەبا بین، بەڵام ئەوەی لێرەدا جێگەی ئاماژە بۆ کردن بێت خۆدزینەوەی ڕەخنەگرە لەوەی بتوانێ قسە لە دەلالەتی سیاسی ناو ئەو نمایشە بکات، وەك چۆن کچەکە بە ڕەمزی کوردستان و کۆتایی شانۆگەریەکە بە دەلالەتی سیاسی بەهێز ناو دەبات، بەڵام دەلالەتێك ڕەخنەگر توانای دەیالۆگی تیادا نیە.

. لە ئەزمونی سێیەماندا بە تەواوەتی دەقمان ڕەتکردەوە، ڕەتکردنەوە بەو مانایەی ئێمە تێکستێکی نووسراومان نەبوو بیکەینە زەمینەی کارکردن، بۆیە بیرمان لە پڕۆژەیەك لەسەر سەفەر کردەوە، بیرۆکەی سەفەر بووە پڕۆژەی شانۆگەری (سەفەرەکانی پەشیمانی) (٣٠) جانتا و قوماش و ئاوێنە و تەلەفۆنی بێتەل موفرەدەی ئەو نمایشە بوون، لەپاڵ ئەکتەر چارەسەری پانتایی شانۆ دەکەنەوە، لەڕێگەی جولەی کۆمەڵە ئەکتەرێکەوە سەرجەمیان کوڕ بوون، مەبەستیش لەو ئازادیەی ڕەگەزی نێر بوو، کە دەڕوات و ژنەکان هەرچەندە نادیارن، بەڵام لێرە دەمێننەوە، ئەوەش لەڕێگەی کۆمەڵە پرسیارێکی جەستەوە، کە جەستە لەو پڕۆژەیە هەڵگری پرسیاری سەفەرە، لەو بارەیەوە زیاد کەریم دەنووسێت "ئەو پرسیارانەی دەرهێنەر لە نمایشەکەدا کردنی، بەڕای من پرسیاری تاکێك نەبوون، بەڵکو کۆمەڵگایەك ڕووبەرووی دەبێتەوە، دەرهێنەر پێمان دەڵێ هۆشیار ببنەوە وا براکان شەری دەسەڵات دەکەن، لەسەر تەرمی براکانی ئێمە کورسی دەسەڵات و پایەکانیان بەرز دەکەنەوە، ئەوەتە ئاوێنەی ماڵەکانیان لێ شکاندین"(٣١) سمکۆ محەمەد لەبارەی وێنەی شانۆیی لەسەفەرەکانی پەشیمانی بڕوای وایە کە " وێنەکان جۆرێك بوون لە بێهودەیی و فۆرمێکی سوریالیانە کە ببوە مایەی پرسیار، ئەوەش ڕەتکردنەوەی سیما بۆ ناو جانتا، پاشان کوشتنی نیگارکێش و تا ئەو دەسکە تەلەفۆنەی کە تەلەکەی پچڕابوو، ئەوەش سوریالیەتی بوونی ئەو وێنە شانۆییە

بوو"(٣٢) هەرچی (زیرەك عەبدولــلا) یە بەراووردێك لەنێوان ئەو شانۆگەریە و شانۆگەری (بازنەی وەهم) دەكات، كە ئەوەی دواتریان دوای سەفەرەكانی پەشیمانی نمایشكراوە، زیرەك لەسەر چەمكی مێژووگەرێتی دەوەستێت، بەو پێیەی هەردوو نمایشەكە ئیشكردن بووە لەسەر مێژوو، لە (سەفەرەكانی پەشیمانی) ئاوێنە ئاماژەكەی بووە و لە (بازنەی وەهم) دەهۆڵ، بەراوورد كردنەكە دەگەێنێتە ئەو ئاســتەی بڵێت "دەرهێنەرەكان هەندێك لە جولە وبزاڤەكانیان دووبارە كردنەوەی جولە و بزاڤەكانی ئیشەكانی تری خۆیان بوو، ئەگەرچی هەوڵیشیان دابوو بە شێوەیەكیتر نیشانی بدەن" (٣٣) بەڵام لێرەدا دەبێت لەسەر خاڵێكی تری ئەو نووسینە بووەســتین، چونكە لــە دەرەوەی ئەو بــەراوورد كردنەوە زیرەك عەبدوڵلا هەوڵیداوە بەجیاواز لەو نووسینانەی تا ئەو ساتەوەختە لەسەر ئەو سێ شانۆگەریە نووسرابوون، تەئویلی موفرەدە بكات و ئاماژەی بینراوی ســەر شــانۆ بخوێنێتەوە، ئەگەرچی ئەو تەنها بۆ ئەو كارە تاكــە موفرەدەیەكی وەرگرتووە كە (ئاوێنە) یە، بەڵام خوێندنەوەی بۆ ئەو موفرەدەیە بەو شــێوەیە دەردەخات "ئاوێنە تا ئەوپەڕی پیرۆزی پێدرا بوو، لە سەرەتای نمایشەكەدا بە كەژاوەیەكی ســپی داپۆشراوە، كەژاوە لەهەمان كاتیشدا كفن بووە، هەر لەگەڵ پەردە لادان لەســەریدا كارەكتەرەكان ململانێی ئەوەیان بوو لە بەردەم ئەفســانەی ئاوێنەدا هێز و بازووی خۆیان بەدی بكەن، ئەوە حەزێكی نەرسیسیانە بوو بۆ عەشق بوون، خود و گەڕانەوەیە بەرەو خود لە دواتریشــدا، ئەو عیشقە نێرسیسیە بوو بە هۆی شــكانی ئاوێنەكە لەبەر ئەوەی بە پێی میتۆلۆژیا نێرسیس عاشقی وێنەی خۆی دەبێت و ئەو وێنەیە دەیلیشێنێتەوە" (٣٤) كاســترۆ مەجید پرۆسەی ناونان دەســەپێنێتە سەر ئەو نمایشــە بە شــانۆی وێنەیی ناو زەدی دەكات، ئەو شانۆیەش وەك شــانۆیەكی ئەزمونگەری دەبینێت، ڕەخنە لە زەمەنی ناو شانۆگەریەكە دەگرێت "دیدگای ئەزمونگەری لەنمایشێكی وادا وەك دیدگایەكی تەقلیدی ملكەچی زەمەنێكی یەك دوای یەك نابێتەوە، بەواتا: بەدوا داهاتنی زەمەنەكان لەسەر هێڵێك ڕوونادەن: (ڕابردوو، ئێســتا، ئاینده) بەڵكــو زیاتر ملكەچی لۆژیكیەتی ناوەوەی خۆی دەبێت لە مومارەسەكردنی ئامادەگی لەژێر كۆت و فشاری عەقڵی خەفە كراودا هەوڵی دەربازكردنی دەدا كەوابێ (سەفەرەكانی پەشیمانی) لە بەدوا داهاتنی كاتەكاندا بە تەواوی لۆژیكیەتی شوێنكاتی لەخۆ گرتبوو، بەوەی زەمەنی ڕووداوەكان واقیعی و دوور بوو لە دەســەڵاتی خەون كە وەك دەســەڵاتێكی ناسنوری و سوریالیانە دێتە بەرچاو كە هەندێ جار شوێنكات و ئەو كەلوپەلانە زیاد لە قەوارەو واتای خۆیان بەرجەستە دەبن یان بە پێچەوانەوە" (٣٥) ئیشكالیەتی كردەی وەرگرتن تێكەڵەیەكە كە ڕەخنەگر لەنێوان چەمكی ئەزمونگەری و پرۆســەی ناونان تێیــدا دەژیێت، چونكە فرە دەلالەتــی موفرەدەیەكی وەك جانتا یــان ئاوێنە بۆ خولقاندنی ئاماژەی كراوەیە نەوەك وەك ئەو پێی وایە زیــاد لە واتای خۆی بەكار دێت، وەزیفەی منە وەك دەرهێنەر دەلالەتی جیاواز بــەو موفرەدانە ببەخشم، هەمان وەزیفەی واقیعیان پێ نەدەمەوە، لەتەك جەســتەی ئەكتەر مانای تری تیا وەدەســت بێنــم، جگــە لەوە كاتێ شــانۆ وەك پرۆژەیەكــی ئەزمونگەری تەماشای بكەین ئەوە دەبێت بەپێی ئەزمونەكان گۆڕان بكەین، چونكە ئەو شانۆیە دواجار شانۆیەك نیە پابەندی میتۆدێكی دەست نیشان كــراو بێت، بۆیــە ئەزمونەكانی دواتر بۆخــۆی توانای وەڵامی زۆر لەو پرسیارانەی داوەتەوە، نەك هەر بۆ ئێمە، بەڵكو شانۆگەری



عەبا بۆ ئەو ڕەخنەگرانەش زیاتر رۆشنایی خستنە سەر ئەو پرۆژەیە بوو. شانۆگەری (عەبا) (٣٦) ئەزمونێکی جیاواز بوو دەیویست تێپەڕاندن لەسەر سێ ئەزمونەکەی تر بکات، بەو پێیەی دەڕۆیشتە ناو پەیوەندیەکی کولتوری بە جەستە، بەمانای شانۆی وەك ئەو تێگەیشتنە ئارتۆییە سەیر دەکات، ئەوەش کۆکردنەوەی زانستەکانی وەکو سۆسیۆلۆژیا و ئەنترۆپۆلۆژیا و سیمیۆلۆژیا بوو لەناو یەکەی نمایشدا، پانتاییەکی کراوەی بیناسازی هۆڵی رۆشنبیری لە ڕووی تەوزیفکردنی هەردوو دەرگای دواوەی هۆڵ بۆ حەمام و چێشتخانە دوو ئاماژەی کولتوری ئەو نمایشە بوون، کاتێك پیاوێك لە جەنگ دێتەوە لای ژنە کەڕ و لالەکەی، دواتر تێدەگات ژنەکەی گوێی لە هەموو دان پیانانەکانی ئەو بووە و کەڕ نیە، لە بەرزایی شانۆکەوە عەبایەك هەیە دادەبەزێتە خوارەوە، هەردوو ئەکتەرەکە دادەپۆشێت، کۆمەڵە جولەیەکی ژێر عەباکە لەلایان ژن و مێردەکەوە کە دەلالەتە لە کۆمەڵێك حالەتی (ململانێ، شەڕ، توڕە بوون، خۆشەویستی، ماچکردن، سێکس) پیاوەکە بە شکست خواردییەوە لەژێر عەباکە دێتە دەرەوە، سەرەنجام فیشەکێك دێتەماڵەکەی و پیاوەکە دەکوژێت و ژنە سەمای کۆتایی جەنگ ساز دەکات، کە کۆتایی جەنگ ئازادبونیەتی لە دەست لەشکری سەربازی و هێرشەکانی مێرد، چونکە مێردەکەی کە تاکە خەونی سەردەمی جەنگ بووە، بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە و ئاسودە بژین، کەچی لە گەڕانەوەی کارەکتەری سەربازێکی دەروون تێکشکاوی بینی کە ناتوانێ بەختیاری بۆ وەدەست بێنێت، بۆیە مردنی مێرد مردنی جەنگ و شکست و نەهامەتی و سەرەتای ژیانێکی نوێ بوو. ئەم نمایشە لەڕێگەی چەندین خوێندنەوەی جیاواز وەکو نمایشێکی شانۆی پاش تازەگەری خوێندرایەوە، بەلای (ڕێبین رەسول ئیسماعیل) ەوە ئەم نمایشە درێژەی ئەزمونێکی سەربەخۆی دەرهێنەرە، ڕێبین بەپێی خوێندنەوەی سیمیۆلۆژی دەڕوانیتە جولەی جەستە و بەهای بۆشایی، بۆیە دەنوسێت" دەقی عەبا وا هاتە بەرچاو کە هەمان دەقی نوسراو نیە، بەڵکو دووبارە بەرهەم هێنانەوەی دەق بوو، ئەوە خوێندنەوەیەکی نوێ بوو بۆ دەقی نوسراوی عەبا، تا دەرهێنەر لەساییەوە ئەو بەها و مانایانە بخاتە ڕوو کە هەردوو نوسەری دەق بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئاماژەیان بۆ کردووە، ئەوەش شتێکی وای نیشان داین کە دەرهێنەر لەسەر تەختەی شانۆدا کار لەسەر دەق ناکات، یان کار لەسەر ئەو شتانە ناکات کە دەقەکە دەری بڕیووە، بەڵکو ئەو لەڕەگ و ڕیشەی دەقەوە نزیك دەکەوێتەوە نەوەك لە شێوازی کارکردنی دەق، چونکە ئەو دەقە بە قسە دەخات و لە سایەی خوێندنەوەیەکی پێشووتریدا دەقی هەڵوەشاندۆتەوە و بە شێوەیەکی وورد ڕاڤەی کردووە، ئەوەش مەسەلەیەکە (نیهاد جامی) وەکو دەرهێنەرێك لە دەرهێنەرە شانۆییەکانی تر جیا دەکاتەوە" (٣٧) لەکورترین مانادا ئەو نوسینە دەروازەی ئەوەی بۆ کردینەوە مەرج نیە ڕەخنەگری ئەو جۆرە شانۆیە شانۆکار بێت، دەکرێت نوسەرانێکی بواری فیکر بن، بەڵام لەناو شانۆدا بیر بکەنەوە، ئەو پرۆژەیە لەناو نوسینێکی تردا درێژ بۆوە، بەڵام بە میتۆدێکی جیاواز، ئەوەبوو (دیار عەزیز شەریف) لە لێکۆلینەوەیەکی ئەنترۆپۆلۆژیدا لەسەر چەمکی تارمایی کولتور لەو نمایشە هاتە دوان، ئەو نوسینە لەڕێگەی خوێندنەوەی عەبا وەك دەلالەتێکی کولتوریەوە هاتە ناو نمایشەکەوە " شانۆگەری عەبا نموونەی خێزانێکی دوای جەنگمان پیشان دەدات ڕوونتر بڵێین پەیوەندی هاوسەرەکان پیشان دەدات لەدوای جەنگ، لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت کە هیچ پەیوەندیەکی ڕاستەقینە بە مانای (چەمکی پەیوەندی) ئافرەت و پیاوەکە بە یەکەوە گرێ نادات، بەڵکو تەنها هۆکاری پەیوەندی و پێکهاتە تەقلیدیەکەی خێزان بپارێزێت ئەوا عەبا کەیە" (٣٨) هەرچی رەخنەگر (حەیدەر عەبدولرەحمان) ە بەجیاواز لە ڕەخنەگرانی نەوەی پێشوو توانیویەتی ڕاستگۆیانە بەشداری لەتەك نمایشەکانی ئەو نەوە نوێیە بکات، ئەو دوای ئەوەی ڕەخنەکانی لە عەبا لەوێوە دەست پێدەکات " دەرهێنەر سیناریۆیەکی جوانی بۆ دەق داڕشتۆتەوە، بەڵام هێلەکانی ئاوێتەی یەکتر کردووە، زۆرجاران بینەر لەسەر هێلەکەی دا دەبڕێت، چونکە دەرك بەوە دەکات کە هەندێك لە تابلۆکان لێکدی دەچن، وەك گواستنەوەی مۆمەکان، لەلایەك ژنەکە و چەند جارێکیش لای پیاوەکە، بەڵام کەش و هەوای شانۆگەریەکەی بەچەشنێك ڕەخساندووە، بینەر چێژ لە تابلۆکان ببینێ، یان زۆر لەخۆی بکات کە بەدوای دەلالەتەکاندا بگەڕێت و بیەوێت نهێنیەکان بدۆزێتەوە" (٣٩) بەدوای ئەو ڕەخنەیە هەڵوەستە دەکاتە سەر کردەی دەرهێنان و دەنوسێت" دەرهێنەر. لەچەند ئەزمونێکی دیکەشدا، هەوڵی خۆ ڕزگار کردن دەدات لە شێوازە تەقلیدیەکان، ئەو هەوڵدانە لەهەر ئاستێکدا بێت، گەڕانە بەدوای خۆ دۆزینەوە و تەکاندان

" (٤٠) هەر هەمان ڕەخنەگر لە بارەی ئەو شانۆگەریە لە ووتارێکی تردا بڕوای وایە عەبا نمایشێکە بەرەو فەلسەفە ڕۆیشتووە " بەتایبەت ئەو فەلسەفە و ئایدیۆلۆژییانەی کە پەیوەست بوونێکی پتەویان بەبیر و کێشەی بینەرەوە هەیە" (٤١) هەرچی لەبارەی پەیوەندی نێوان سینۆگرافیا و دەرهێنانە سمکۆ محەمەد لە ووتارێکدا دەڵێت" دەرهێنەر زیاتر کارە هونەریەکانی

به سینۆگرافیاوه پەیوەست بوو، چونکه پێی وایه سینۆگرافیا پرۆسەیەکی جیا نەکراوەیە له بونیادی دارشتنه هونەریەکانی شانۆی ئەزمونگەری، بۆیە لە کاتی دابەزینی عەباکە بە ڕیتمێکی تایبەتی مۆسیقی هەستی بینەری ڕاکێشا بووە ناو خەیاڵەکانی پانتایی شانۆگەریەکە" (٤٢) هەرچی پەیوەندی بە بویری جەستە و ڕاهێنانی ئەکتەرەوە هەیە کاسترۆ مەجید لەو بارەیەدا پێی وایە "هەردوو جەستەکان زۆر بەبوێریەوە هەموو دیاردە و جولەیەکی تەقلیدی شانۆیان ڕەتکردۆتەوە و توانیان زۆر مەدلولی ڕووت لەسەر شانۆ بگەیەنن بە وەرگر، کە ئەمە لە هەولێردا قەید و کۆت شکاندنێکی پێوە دیارە چ لە ڕووی (ناوەرۆك-بابەت) یاخود (نواندنەوە) هەر چەندە جەستەکان ئەگەر زیاتر مەشق و ڕاهێنانیان بکردایە، ئەوا ئەنجامی لەمەی ئێستا زۆر بەهرەمەندتر دەبوو" (٤٣) بەر لەو ووتارە کاسترۆ لەکۆڕێکی هەڵسانگاندن بەدرێژی لەسەر شانۆگەریەکە قسەی کرد (٤٤) ئاماژەی بۆ پەیوەندی نێوان بانتۆمایم وشانۆی وێنەیی کرد، ئەمجارەیان ئەزمونەکەی ناوبرد بە ئەزمونێکی سەربەخۆی جەستەیی، دوای قسەکانی ئەو کۆمەڵێك بۆچوون لەبارەی کارەکە خرایە ڕوو، لەوانە هونەرمەند (دانا عەلی سەعید) بۆچونی وابوو کە ئەم نمایشە نەك هەر بۆ دەرهێنەرەکەی، بەڵکو بۆ هەردوو ئەکتەرەکەش ئەزمونێکی جیاواز بوو، ئەوان بەو کارەیان هەستمان نەدەکرد ئەکتەرەکانی پێشوون، کەچی دوو ڕۆژ دوای کۆڕەکە (موحسین محەمەد) لە بەرنامەیەکی رادیۆیی لە رادیۆی لقی دوو بەهەموو شێوەیەك هێرشی کردە سەر شانۆگەریەکە و وتی "ئەوە بانتۆمایم نیە" دواتر بەوەندە وازی نەهێنا و وتارێکی نوسی ئەمجارەیان هێرشی کردە سەر هەموو ئەو نوسینانەی لەبارەی کارەکان نوسراون، "لەدوای ڕاپەرین ماوەیەکی زۆرە بـاس لە بانتۆمایم دەکرێ، من کارەکانم بینیبوە، شانۆگەری عەبا دوا بەرهەمی بانتۆمایم بوو، برادەرەکانی دەرهێنەر زۆریان لەسەر نووسی لە گۆڤاری رامان و کاروان، ئەو بیروبۆچونانەی لەکۆڕی هەڵسەنگاندنی عەبا گووترا زۆر ڕاست بوون، عەبا هەرشتەك بووبێ شانۆگەری نەبووە، تابلۆیەکانی حەفتایەکان زۆر هونەری تر و زمانی جەستە پاراوتر بوو" (٤٥) بەر لەوەی ئاماژە بۆ هەر شتێك بکەین سەرنج بدەن لەو دێڕەی هێلمان بەژێردا هێناوە، ئێستا دەڵێین ئەم نمایشە، چونکە بەبڕوای هەموولایەك گۆڕان و جیاوازیەك بووە لەبانتۆمایم، بۆیە موحسین توشی هیستریا و شێواندنێك هاتوە بە ڕادەی ئەوەی ویستویەتی وتارێك بنوسێت، بەڵام چۆنی بنووسێت نازانێت، کە دیارە تەنیا دوا دێڕی ووتارەکە کە بە نمونە هێنامانەوە پەیوەندی بە ئێمەوە هەیە، ئەویش بەو هەڵە کۆمیدیەی زمانەوە، من بڕوا ناکەم موحسین نەزانێت بە کوردی بنووسێت، بەڵام پێویستە هەڵچونەکانی نەمێنێت، هێمن بێتەوە ئەوسا بنوسێت، نەوەك هەوڵی دەسخەرۆدانی خەڵکانی تریش بدات، هەڵبەت ئەو هەموو هەڵە زەقانەی کەسانی وەك

ئەو نەبان بیرمان لە نوسینی ئەو کتێبە نەدەکردەوە، گەرچی تاکە کەسێك کە لەو بوارە لە خوێندنەوەی ئەو کتێبە سوود مەند نەبێت هەر ئەو پیاوەیە، چونکە لە سەرەتاوە بڕیاری داوە هێلی ڕاست و چەپ بە کارەکانمان بێنێت. ئەو ئازادە لەوەی چی دەڵێت، وەك ئەوەی ئێمەش ئازادین کە دوا بەشی ئەو کتیبەمان بۆ ئەو بۆچونانە تەرخان کرد، ئەگەر چی قسەکانی ئەو بۆ ئێمە لە ڕوویەکدا خەم دامان دەگرێت، کە کەسانێك بەخۆیان دەڵێن پسپۆر لە بواری ڕەخنەی شانۆیی و ئاوا ڕەخنە دەنووسن، ناچارین کتێب بنووسین بۆ ڕاست کردنەوەی هەڵەکانیان، لە ڕوویەکی تریشدا ئەو بۆچونانەی بۆ ئێمە جگە لە مایەی پێکەنین شتێکی تر نیە، چونکە ئەو دژایەتیەی بۆ ئێمە بە تەنیا دژایەتیکردنی نوسەری ئەو کتێبە نییە، بەڵکو دژایەتیکردنی نەوەیەکە، عەقڵی سەلەفی ئەرشیفیستەکانی نەوەی ڕابردوو نایەوێ دان بە هیچ هەوڵێکی جوان بنێت، نەك هەر ئەوەندەش، بەڵکو ئامادەی بۆچوون گۆڕین و دەمامك خستنە بەری قسەکانی کۆڕەکەشە، بەڵام چونکە سەلەفی پێویستی بە دەسخەرۆ دان هەیە، دەنا ناچێتەوە سەر تابلۆی هەفتاکان، کە هونەرمەندانی ئەو سەردەمە خۆیان باس لە ناوەرۆکی سادەی کارەکانیان دەکەن، بەوەی ئەو بانتۆمایمە چی بووە و چۆن بووە. ئەو شانۆیەی ئێمەش کاری بۆ دەکەین، هەرگیز زەمینەکەی لە هەفتاکانەوە نەهاتووە، وەك ئەوەی سەلەفی تێی گەیشتووە، بەڵکو زەمینەکەی بۆ هەوڵ و تەقەللا و نوسین و ڕەخنەی پڕۆژەی شانۆی ئەزمونگەری هەشتاکان بووە، لای ئێمەش گۆڕاوە بە ئەزمونێکیتر، بەڵام خۆ سەلەفی بەوەندە واز ناهێنیێ ئەوەتە ئەو باسی نوسینی نێو گۆڤارێك دەکات، کەچی شانۆگەری عەبا بۆ ئەو ئاماژەیەکە بۆ هیستریاکەی، ئەمجارەشیان دەنوسێتەوە" ئەکتەرەکان زۆر ئاسایی دەجولانەوە، ئەوەی هونەر بوو پێوەی دیار نەبوو، یەك دیمەن لە شانۆگەری عەبا دا نەبوو کارمان تێ بکات و لەخەیاڵماندا بمێنێتەوە" (٤٦) تۆ بڵێی هەموو ئەوانەی لەسەر شانۆگەری (عەبا) یان نوسی بێئاگا بوون و تەنها سەلەفی بە ئاگایە؟ ئایا موحسین و هاوەڵەکانی بەڕەوای دەزانن بڵێین حەیدەر عەبدولرەحمان و زیرەك عەبدوڵلا و ڕێبین رەسول و دیار عزیز شەریف و کاسترۆ مەجید بێئاگان و بەڵام موحسین هۆشیارە؟ هۆشیاری ئەو پیاوەی لەچیدایە؟ ئێمە لە سوکرات ئەوە فێر بووین کە ئێمە دەزانین هیچ نازانین، بەڵام ئەوانیتر وا دەزانن هەموو شتێ دەزانن، ئێمە دڵنیاین لەوەی ئەوەی ئەنجامی دەدەین و لە ماوەی زیاد لە دوانزە ساڵە کاری بۆ دەکەین پڕۆژەی ئەزمونێکی جەستەییە، بەڵام سەلەفی پێی وایە ئەو هەموو شتێ دەزانێ، بۆیە ئێستا کاتی ئەوەیە وەعزمان پێشکەش بکات، ئەوەتە سەلەفی ئامۆژگاری پێشکەشی ڕێبین رەسول دەکات و هێرش دەکاتە سەر حەیدەر عەبدولرەحمان و ئەوسا جارێکیتر دێتەوە سەر من و ئەمجارە دژی لێکۆلینەوە شانۆییەکانمان دەوەستێت، بەڵام چونکە مەعریفەیەکی پێ نیە بۆ گفتوگۆ، بۆیە بۆ ئەوەی هەموو ئەو لێکۆلینەوانە و دەرەنجامەکانی گەڕانیان لەکۆڵ خۆی بکاتەوە، بە بونیادگەری ناویان دەبات، چۆن بونیادگەرین؟ بەلای موحسینەوە ئەو پرسیارە گرنگ نیە، ئەوەتە یەکێك لەو لێکۆڵینەوانەی ئاماژەی بۆ دەکات بەناوی (فیکر و جەستە لەپرۆسەی کوشتنی باوکدا) لێکۆڵینەوەی شانۆیی نیە، بەڵکو لێکۆڵینەوەیەکە لە بارەی چیرۆکێکی شێرزاد حەسەن بەناوی (کەڵە کوڕان و ئاسکە کچان)، بەڵام چونکە سەلەفی لەناو هیستریادا دەژی، بۆیە هیچ شتێ نابینێت، تەنها گوێی لە سەدای دەنگی خۆیەتی، لەبەر ئەوەی ئەو کتێبە تەنیا تایبەتە بە کارە شانۆییەکانمان نەوەك لێکۆڵینەوەکان، بۆیە هەموو ئەو قسانەی سەلەفی